

# سەرۆکی کوردستان
# ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان
# لەسەرنووسەر و ستافەکەی پیرۆز دەکات

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان
بەڕێزان سەرنووسەر و رۆژنامەنووس و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان
سڵاو و ڕێز..
بەبۆنەی نۆزدەیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گولان گەرمترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی ئێوەی خۆشەویست دەکەم.
گـولان لە کاتێکـدا بەرەو بیسـتەمین سـاڵی کاری خۆی هەنـگاو دەنێت کـە وەک تەمـەن درێژترین گۆڤاری سیاسـی لە کوردسـتان، توانیویەتی وەرچەرخانێـک لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دروسـت بکات و زمانی دیالۆگی بیروڕا جیاوازەکانی داهێناو تا ئێسـتایش لەسـەر ئەو ڕێگەیە بەردەوامەو بۆتە ڕایەڵەی پێکەوەبەستنی ڕۆشنبیرانی کوردستان و دەرەوەو، خوێنەرانی کورد لە ڕێگەی گولانەوە بیروڕای ژمارەیەکی زۆر نووسەر و ڕۆشنبیری بیانی و عەرەب و کوردیان خوێندۆتەوە.
قۆناخە جیاوازەکانی کاری گولان، ئەوەی سەلماند کە دەکرێ رۆژنامەگەریی کوردی بەشـێوەیەکی پرۆفیشـناڵانە کاری خۆی بکات و بەرهەمی زۆر باش پێشـکەش بکات و لە کاتێکدا بۆچوونە جیـاوازەکان دەخاتەڕوو، ئەرکی خۆیشی لە خزمەتکردنی پرۆژەی نەتەوەیی ڕاپەڕێنێت.
هیوادارم سـاڵی نوێی تەمەنـی گۆڤارەکەتان، سـاڵی بەردەوامی و پێشـکەوتنی زیاتر بێت. دەستخۆشـیتان لێ دەکەم و ئومێدی سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم.
مسعود بارزانی
٢٠١٣/٤/١٨



# پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی بیستەمین ساڵەی گۆڤاری ( گوڵان)ەوە

هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و تەواوی ستافی نووسین و هونەریی لە گۆڤاری (گوڵان)ی ئازیز

بەبۆنەی بیستەمین ساڵڕۆژی گۆڤاری (گوڵان)ەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەین و دەستی ئەفراندنی یەکەیەکەتان دەگوشین و بە سوپاس و پێزانینی زۆرەوە دەڕوانینە ماندووبوون و بەرهەمی بە پێزتان کە لە گۆڕەپانی رۆژنامەگەریی کوردستانیدا شوێنی شایستەی خۆی هەیە.

ئومێدەوارین ئەو گوڵانەی کە بیست ساڵ لەمەوبەر وەکوو ئەزموونێکی نوێ یەکەم ژمارەی دەرچووەو لەم ماوەیەدا رووداوی گرنگی تۆمار و شی کردۆتەوە، بەردەوام بێ و بەرهەمی ئێوەیش رووی لە هەڵکشانی زیاتر بێ.

هەڤاڵان بەر لە بیست ساڵ دەرچواندنی گۆڤاری ( گوڵان) بڕیار و کارێکی بوێرانەی سیاسی و پیشەیی بوو. لەو سەروبەندەدا بوو کە رۆژنامەگەریی لەگەڵ یەکەمین حوکمڕانێتی خۆییدا مامەڵە بکات و گوڵان بە گوتارێکی رەخنەگرانەوە هاتە مەیدان و مەسافەیەکی وەکوو یەکی لەنێوان خۆی و تەواوی ژیانی سیاسی و ئیداری هەرێمی کوردستاندا هێشتەوەو رۆڵی بەرچاوی گێڕا لە بەرچاو رۆشنکردنەوەی حکومەت و خەڵکدا.

ئێستاش پاشی بیست ساڵ و دوای کەڵەکەبوونی ئەزموونی زۆری پیشەیی و سیاسیتان چاوەڕوانیمان لەم گۆڤارە ئازیزە هەر ئەوەیە کە درێژە بەو رۆڵەی خۆی بدات و بە شیکردنەوەی زانستی بابەتیانەو راستگۆ هاوکارو پشتیوانی هەنگاوەکانی چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری و یەکڕیزی ناوماڵی کوردستانیی بێت لە بەرامبەر ئەو پڕکێشییە زۆرانەی رووبەڕووی گەلی کوردستان و دەستکەوتەکانی بۆتەوە.

جارێکی دیکە بیست ساڵەی گۆڤاری گوڵانی ئازیز لە ئێوەو ئێمەو خوێنەرانتان پیرۆز بێت.

**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**



# پەیامی پیرۆزبایی مەسرور بارزانی

بۆ بەڕێزان سەرنووسەر و گشت رۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارانی گۆڤاری ئازیزی گوڵان
بە بۆنەی بیستەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە پیرۆزباییەکی گەرمتان ئاڕاستە دەکەم. گۆڤاری گوڵان ئەزموونێکی سەرکەوتووی بواری رۆژنامەگەریی کوردییە. من لە خوێنەرانی بەردەوامی گۆڤاری ئازیزی گوڵانم و ئەم گۆڤارە سەنگ و بەهای تایبەت بە خۆی هەیەو توانیویەتی بە کارکردن لە سەر تەوەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریە گرینگەکان، گفتوگۆی گرینگ لە سەر لاپەڕەکانی ساز بکات و خوێنەری کورد ئاشنای بیروبۆچوونی زۆر هزرڤان و توێژەری ناوخۆیی ودەرەوە بکات.

وەک خوێنەرێکی گوڵان خوازیارم کە پێشکەوتن وتازەگەریی زیاتر بە دیزاین و ناوەڕۆک و چەندی و جۆریی بابەتەکانەوە ببینم و هیوادارم لە ئاستی تۆڕی ئەنتەرنێتیشدا چالاکتر بن و بابەتەکانتان بخرێتە بەر دیدەی زۆرترین خوێنەرانی کوردی تاراوگە. ئاواتم سەرکەوتن وبەردەوامیتانە.

**براتان**

**مەسرور بارزانی**

## پەیامی پیرۆزبایی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ

گوڵان بەرێزان / سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و تەواوی کارمەندانی

بە بۆنەی ساڵیادی گۆڤاری گوڵانەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و تەواوی کارمەندانی گوڵان دەکەم.

گوڵان کە ئەمساڵ پێدەنێتە تەمەنی بیست ساڵییەوە بە تەمەنترین گۆڤاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیە لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردستانی ئازاددا، ئەم گۆڤارە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە شێوازێکی نوێی لە کاری رۆژنامەگەری پیادەکردووە و هەمیشە هەوڵیداوە جیاوازییەکان پێکەوە کۆبکاتەوەو زمانی دیالۆگ لە نێوان بیربۆچوونە جیاوازەکان دروست بکات و رۆژ لەدوای رۆژیش بازنەی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی فراوانتر کردووە، هەروەك چۆن ئێستا دەبینین کە بیروبۆچوونی جیاوازی ناوەوەو دەرەوەی کوردستانی پێکەوە گرێداوەتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە زانیاری راست لەسەرچاوەی بیروبۆچوونی جیاوازەوە پێشکەشی خوێنەرانی بکات، لەلایەکی دیکە گوڵان هەموو کات لەسەر پرسە گەرمە نیشتمانیەکان ئامادەبووەو راستگۆیانە ڕووماڵی کردون، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی گوڵان لەناو رۆژنامەگەری کوردیدا سەنگ و میسداقیەتی خۆی بپارێزێت.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوادارم لە ساڵی داهاتوو زیاتر پێشبکەون و لە ئەرکە نیشتمانیەکاندا زیاتر قاڵببنەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراقی فیدراڵ**

## پەیامی پیرۆزبایی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەرێزان سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و کارگێڕی و تەواوی نووسەر و رۆژنامەنووسانی گۆڤاری گوڵان
بەبۆنەی بیستەمین ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان کە هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەقاهیرەو جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردی، لەناخی دڵمانەوە گەرمترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین.

گۆڤاری گوڵان بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەمیشە هەوڵی خۆنوێکردنەوەو دەرچوونی بە شێوەیەکی پیشەییانەو بابەتیانە وەك سەکۆیەکی کراوەی بیروڕا گۆڕینەوەو وەرگرتنی راو بۆچوونی ئەکادیمی و سیاسەتوان و شارەزایان بە هەناسەیەکی سەردەمیانە داوەو توانیویەتی هەنگاوی دیارو بەرچاو ببڕێ و جێگە و پێگەی خۆی لەنێو بزاڤی ئەمڕۆی رۆژنامەگەری کوردستانی دا بکاتەوە.

وێڕای پیرۆزبایی خۆمان هیوای سەرکەوتنی بەردەوامیتان بۆ دەخوازین بۆ ئەوەی درێژە بە گەشەپێدانی تواناو کارەکانتان بدەن و بەسوود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و توانای رۆژنامەنووس و نووسەرە لێهاتووەکان، وەك هەمیشە کار بۆ چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراسی و سەرخستنی ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بکەن کە بەرهەمی خەبات و فرمێسك و ماندووبوونی سەرجەم رۆڵەکانی گەلی کوردستانە.

سڵاو لەو نووسەر و رۆژنامەنووسانەی بەدرێژایی ئەو ماوەیە لە قۆناغەکانی دەرچوونی ئەو گۆڤارەدا کاریان کردووەو رۆڵی خۆیان بینیوە.

پڕ بەدڵ هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و ساڵڕۆژی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان و یادی رۆژنامەگەری کوردیش لەهەمووان پیرۆز بێت.

**دکتۆر حسن محمد سوورە**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

## پەیامی پیرۆزبایی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ

بۆ / بەڕێز فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گوڵان و تەواوی ستافی گوڵان
بەبۆنەی بیستەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە گەرمترین پیرۆزبایتان ئاڕاستە دەکەم و هیوادارم گوڵان زیاتر لەبەرەو پێشەوەچووندا بێت و زیاتر ببێتە سەکۆی کۆکردنەوەی بیربۆچوونە جیاوازەکان و دروستکردنی دیالۆگ لەنێوان بۆچوونە جیاوازەکاندا.
لایەنێکی گەشی ئەم گۆڤارە ئەوەیە کە بەردەوام لە خۆتازەکردنەوەدایەو هاوشانی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان هەنگاو هەڵدەگرێت و توانیوویەتی ناسنامەی خۆی بپارێزێت، بە تایبەتی کە ئێستا گوڵان بۆتە رایەڵی پێکەوە گرێدانەوەی رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی دەرەوە ناوەوە و لەسەر پرسە هەنووکەیی و نیشتمانیەکان زانیاری راست و جیاواز بە خوێنەرانی دەگەیەنێت، لەسەر ئاستی گۆڕەپانی سیاسیی عیراقیش گوڵان رۆڵێکی بەرچاوی هەیە و لەسەر هەموو پرسە گەرمەکان ئامادەیە . کە من هیوادارم زیاتر ئەم ئاڕاستەیە بچەسپێنن و چۆن هەتا ئێستا میسداقیەت و راستگۆیی خۆیان پاراستووە، لە ئایندەشدا هەر ئەم مسداقیەتە بپارێزن، کە ئەمەش سیمای راستەقینەی رۆژنامەگەری بەرپرسیارانەیە.
جارێکی دیکە ساڵیادی گوڵان پیرۆز دەکەم و هیوادارم هەر سەرکەوتووبن و بەرەو یۆبیلی زیوین هەنگاو هەڵبگرن
لەگەڵ ڕێزم

**عارف تەیفور**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق**

## پەیامی سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی لە کوردستانی ئێراق

بەڕێز فەرهاد محمد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
بە بۆنەی یادەوەری پڕ بەهای بیست ساڵەی گۆڤاری گوڵان، کە هەمیشە هەڵگری نامەی یەکڕیزی کوردە، بەرەو ئاسۆی سەربەخۆیی و مەعریفەی سەردەم، دوور لە نکوڵی کردن لە بەها بە نرخەکانی کەلتووری ڕەسەنی خۆمان، بەم بۆنە پرشنگدارەوە، بەناوی خۆم و برایانی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی پیرۆزبایی لە ئێوە برایانی هاوڕێتان لەگۆڤاری گوڵان دەکەین، ئومێدەوارین کە سەختیەکانی ژیان زیاتر هاندەرتان بێت بۆ گەیشتن بە لووتکەی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە چەندین نەوەی گەلەکەمان خۆی بۆی بەخت کردووە.

**د. محمد شریف**

**سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی لە کوردستانی ئێراق**

## پەیامی عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ/ بەڕێز گۆڤاری گوڵان
لەیادی (٢٠) ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان)دا، بەگەرمیی پیرۆزبایی لەبەڕێزان سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسین و دەستەی نووسەرانی گۆڤارە نایابەکەتان دەکەم و، هیوادارم لەساڵی نوێی تەمەنیشیدا وەك هەمیشە راستگۆیانەو بوێرانە تیشك بخاتە سەر رووداوو گۆڕانکارییەکانی جیهان و کوردستان و، وەك هەمیشەش هەر مینبەری تەواوی پێنووسە بەبڕشتەکانی کوردستان و جیهان بێت، بەئاراستەی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسیی و هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی. جارێکی دی پیرۆزەو هەر لەپێشکەوتندا بن بۆ کوردو کوردستان و مرۆڤایەتیی.
عەبدولڕەحمان سدیق

## پەیامی پیرۆزبایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پ.د.ک پارێزگای هەولێر

بۆ گۆڤاری گوڵانی بەڕێز

بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان جوانترین پەیامی پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرنووسەر و یەکە یەکەی کارمەندانی گۆڤاری گوڵانی ئازیز دەکەین بەبۆنەی بیست ساڵەی دەرچوونی.. لە یادی بیست ساڵەی دەرچوونی گوڵان دا ناکرێ لە مێژووی پرشنگداری رۆژنامەگەری کوردی دا رۆڵی ئەم گۆڤارە نادیدە بگیرێت وەك گۆڤارێکی سیاسی و رۆشنبیری و جەماوەری کە لە سەرەتای دەرچوونیەوە توانیویەتی رێچکەیەکی زۆر باش بۆخۆیی هەڵبژێرێت و بتوانێت زۆرترین خوێنەر بە دەوری گۆڤارەکەی کۆبکاتەوەو ببێتە پڕخوێنەرترین گۆڤار کە لە کەشی ئازادی کوردستان سەدان گۆڤارو رۆژنامە دەردەچن لە نێو ئەم هەموو گۆڤارو رۆژنامانەدا گوڵان خاوەنی خوێنەری یەکجار زۆرەو ئەم پڕ خوێنەریەی گوڵان بۆ راستی لە هەوا و راستگۆیی لە پیشەی رۆژنامەوانی ستافەکەی دەگەڕێتەوە . ئومێد دەکەین گۆڤاری گوڵان وەك هەمیشە درێژە بە کاری رۆژنامەگەری خۆی بدات و بۆ هەمیشە بە گەشاوەتر و پڕ خوێنەرتر گوڵان ببینین جارێکی تر جوانترین پیرۆزباییتان ئاڕاستە دەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر**

## پەیامی دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پ.د.ک

بۆ بەڕێز سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان و تەواوی رۆژنامەنووس و کارمەندانی ئەو گۆڤارە ئازیزە

بە بۆنەی بیستەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان بەناوی دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو رێکخراوەکان جوانترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین. دەرچوونی گوڵان وەك بڵاوکراوەیەکی رچەشکێن لەسەردەمی خۆیدا داهێنانێکی تازە و گڕوتینێکی نوێی دایە بەر بزاڤی رۆژنامەگەری کوردی لە دوای راپەڕین. هەر لە کاتی دەرچوونییەوە تاوەکو ئێستا بە هەموو ئەو قۆناخانەی پێیدا تێپەڕیوە، چ وەکو رۆژنامەو چ وەکو گۆڤار توانیویەتی تەعبیر لە میسداقیەتێك بکات و بووەتە نیشانەیەکی دیار لای خوێنەرەکانی. هیوادارین لە تەمەنی داهاتووشیدا بتوانێ لەکاری پیشەییانەی رۆژنامەگەری هەر سەرمەشق بێت.

**دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

## پەیامی پیرۆزبایی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان لە گۆڤاری گوڵان

سڵاوی پێنوس و بوێریتان لێبێ

بەبۆنەی ٢٠ مین ساڵەوەگەڕی دەرچونی یەکەم ژمارەی گۆڤارەی گۆڤارەکەتان گەرمترین پیرۆزبایی تان لێدەکەین، هیوا خواین ئەو یادە ببێتە هاندەری زیاتری کارکردنی دڵسۆزانەتان لە رێرەوەکەدا، گەر بگەڕێینەوە بۆ ٢٠ ساڵی رابردوو دەبینین لە رەوتی رۆژنامەگەری کوردیدا گۆڤاری گوڵان توانی رچەشکێنی بکاو شۆڕشێکی سەردەمی و بوێرانە لە بواری رۆژنامەگەری نووسراو تۆماربکات، بەتایبەتیش ئەو پەیامە نەتەوەیی و رەخنەییەی کە کاری لەسەر دەکات کە بوێری لێدەچۆڕا، ئەوەش وایکرد هەرێمی کوردستان مۆدێلێکی نوێی رۆژنامەگەری بەخۆە ببینێ، هاوکات خودی ناونیشانی (گوڵان) کە گوزارشت لە شۆڕشێکی لاوانە و نەتەوەییانە دەکات بۆخۆی سەنگ و قورسیاییەکی دیکەی بەخشیوەتە بەهای گۆڤارەکەتان. جیالەوەش ئەو گۆڤارە بوە قوتابخانەیەك بۆ پێگەیاندنی رۆژنامەنووسان و پێشکەشکردنیان بە کۆمەڵگا، لە ڕوی گرنگیدانەوە بە توێژی لاوان و بەدەمەوەچوونی خواست و گرفت و کێشەکانیان رۆڵی چالاکانەتان بەرز دەنرخێنن و داواکارین ئەو یادە بقۆزنەوە بۆ زیاتر گەیاندنی داوا و دەنگی لاوانی کوردستان بە ناوەندەکانی بڕیار. جارێکی دیکە ٢٠ مین ساڵەوەگەڕی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەتان پیرۆز دەکەین و ئومێدی بەردەوامی و سەرکەوتنی گەورەتان بۆ دەخوازین.

**مەکتەبی سکرتاریەتی**

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان**

## پەیامی پارێزگاری هەولێر

بۆ/ گۆڤاری گوڵان ی خۆشەویست
بە بۆنەی بیستەمین ساڵرۆژی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان ی خۆشەویست، کە هاوکاتە لەگەڵ ساڵرۆژی رۆژنامەگەری کوردی و دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی بە ناوی { کوردستان }، کە وەرچەرخانێکی فەرهەنگی و رۆشنبیری و فیکریی لە رێڕەوی خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردستان بە دیهێنا، گەرمترین و جوانترین پیرۆزباییی لە سەرنووسەرو یەکەیەکــەی رۆژنامەنووســان و کارمەندانی گۆڤارەکەتان دەکەین و هیوای هەمیشــە پێشــوەچوون و بەردەوامیتان دەخوازین، بۆ خزمەتی پەیڤی کوردی و بزاڤی رۆشنبیری و داهێنانی فیکریمان کە پتر ئەزموونی گەلەکەمان بەرەو دڵنیایی و سەرفرازی ببات و لە خواست و خەونە پیرۆزەکانمان نزیکترمان بکاتەوە .
لەگەڵ رێزو حورمەت و دووبارە پیرۆزباییمان .

**نەوزاد هادی مەولود**
**پارێزگاری هەولێر**

## پەیامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

بە بۆنەی تەمەنی ٢٠ ســاڵەی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان پیرۆزباییەکی گەرم ئاراســتەی سەرنووسەر و ستافی کاراو سەرجەم کارمەندانی گۆڤارەکەتان دەکەین، گۆڤاری گوڵان هەر لە سەرەتای دەرچوونیەوە خزمەتێکی بەرچاوی بە بواری رۆژنامەگەری کوردی گەیاندووە و لە ئاست پرسە سیاسی و نەتەوەیی و نیشتیمانیەکاندا رۆڵێکی کارای لە رووماڵکردنی راستییەکان و شرۆڤە سیاسیەکاندا هەبووە وخزمەتێکی بەرچاوەی هەبووە لە برەودان بە هزری نەتەوەیی و نیشــتیمانی، تەنانەت لە هەموو بوارەکانی وەك کۆمەلایەتی، ئابووری، فەرهەنگ و هونەر و زانستی، توانیویەتی خزمەتێکــی بەرچاو بە کۆمەڵگەی کوردی بکات، لە ئاســت خزمەتکردنی بە توێژی ئافرەتیش بایەخێکی باشــی پێداوە و توانیویەتی رۆڵی ئافرەت لە هەموبوارەکاندا بەرجەســتە بکات، دەتوانین بڵێین «گۆڤاری گوڵان»لە ماوەی کارکردنیدا ســەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ و زانیاری و راپۆرتەکان بووە و لە ئاســت کێشەکانی خەڵکیشدا رۆڵێکی بەرچاوی لە بەرجەستەکردنی ئاریشەکانی ژیانی خەڵکیدا هەبووە ...
لێرەوە بە ناوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دووبارە پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەرێزی ستافی گوڵانی خۆشەویست دەکەین و هیوادارین سەرکەوتووتر لە جاران لە ئەرکی پیرۆزی رۆژنامەگەریدا بەردەوام بن.

**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان**

## پەیامی یەکێتی قوتابییانی کوردستان

بۆ گۆڤاری گوڵان-بەرێز
سڵاوی زانست و خەبات
بەناوی مەکتەبی سکرتارییەتی (ی.ق.ك)ەوە، بە بۆنەی دەرچوونی بیستەمین ساڵەی گۆڤارە بەرێزەکەتان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە سەرنووســەر و یەکە یەکەی کارمەندانی گۆڤارەکەتان دەکەین و هیوادارین خامەکانتان هەروا بە برشــت بێت لە پێناوی خزمەتکردنی رەوتی نووسین و رۆژنامەگەری راستەقینەی خەباتی رۆشنبیرکردن و فراوانکردنی هزری تاکی کورد، هەروەها هەر بەو پێشــەنگییە بمێنێتەوە بە ئاراســتەی میتۆدی رەنگاورەنگی گۆڤارەکەتان، بەتایبەتی پەنجە خســتنە سەر هەر سێ بواری (نەتەوەیی، سیاســی، کۆمەلایەتی)، دووبارە پیرۆزە و بە هیوای سەرکەوتننتان، لەگەڵ رێزماندا. ئیتر بۆ پێشەوە....

**یەکێتی قوتابییانی کوردستان**
**مەکتەبی سکرتاریەت**


SOCIAL
MEDIA
Marketing
Local
www
Update
Apps
Search
Friends
Blogs
Global
SEO
People
Business
Mobile

## ئەرکە هەنووکەییەکانی ئێستای
# ڕۆژنامەگەری کوردی

# بەشداری لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و دەسەڵاتێک بۆ چاودێری حکومڕانی



((ئەگەر هاوکاری ماس میدیا نەکرێت، ئەوا هەواڵ دەبێتە شمەکی بازرگانی و هاووڵاتی دەبێتە کڕیاری ئەو شمەکە))
یۆرگن هابرماس

**لەوڵاتێکی وەک هەرێمی کوردستاندا کە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە و ژێرخانە جیاوازەکان لە قۆناخی بونیادنانەوەن و هێشتا کەرتی تایبەت نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لەناو ئابووری بازاڕدا لەسەر پێی خۆی رابوەستێت**

ئایا میدیا خۆی دەسەڵاتە یان لەبەرامبەر دەسەڵات بێ دەسەڵاتە؟ ئایا میدیا لە ناوپرۆسەی حکومڕانیدا خۆی یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانی حکومڕانی لە سیستمی دیموکراتیدا یان لەدەرەوەی حکومڕانی چاودێری تەنیا کارەکانی حکومەتە؟ ئەگەر ئەم توخمە گرنگە یەکێکە لە پێداویستیەکانی بونیادی سیستمی حکومڕانی و هەنگاو هەڵگرتن بەرەو حکومڕانی باش، بۆچی وەك توخمەکانی دیکەی حکومڕانی (حکومەت، پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەری، پارتە سیاسیەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی..) لەلایەن دەوڵەتەوە بەپێی یاسا هاوکاری ناکرێت و بودجەیەك تەرخان ناکرێت بۆ بونیادنانی ژێرخانێکی پتەو بۆ سیستمی میدیا لەوڵاتدا و هەوڵدان بۆ دروستکردنی میدیای پرۆفیشناڵ و ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ؟ لەوڵاتێکی وەك هەرێمی کوردستاندا کە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە و ژێرخانە جیاوازەکان لە قۆناخی بونیادنانەوەن و هێشتا کەرتی تایبەت نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لەناو ئابووری بازاڕدا لەسەر پێی خۆی رابوەستێت و هێشتا ئابووری بازاڕ ناتوانێت لە میانەی کێبڕکێیەوە ناسنامەی خۆی دیاری بکات، ئایا میدیا پشت بەچی دەبەستێت بۆ ئەوەی بەردەوامی خۆی بپارێزێت و بەشێوەیەکی پیشەگەرانەش کاری خۆی بکات؟ ئایا ئەگەر میدیا پشتی بە کۆمپانیایەك یان ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان (NGOs) ببەستێت، یان ئەگەر پشت بەداهاتی ڕێکلام ببەستێت دەتوانێت هەم بەردەوام بێت و هەمیش پیشەگەرانە کاری ڕۆژنامەنووسی بکات؟ لە وڵاتێکی وەك هەرێمی کوردستاندا کە حزبە سیاسیەکان زۆرترین هۆیەکانی ڕاگەیاندنیان بە بیسترا و بینرا و نووسرا و ئەلەکترۆنیەوە هەیە، ئایا ئەم حزبانە میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدلۆژیەت و پەیامی حزبی خۆیان بەکار دەهێنن، یان حزبەکان وەك توخمێکی نێو سیستمی دیموکراتی سەیری هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەکەن و ئامانجیان ئەوەیە لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ناوخۆی حزبەکانیان و پاشانیش پرۆسەی دیموکراتی لە کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆیان ببینن؟ ئەم پرسیارانە گرنگن لە ساڵوەگەری یادی ڕۆژنامەگەری کوردی بوروژێنرێن و هەڵوەستەی لەسەر بکرێن و پاشان لە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەرکە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەری کوردی دیاری بکرێت.

### وەرچەرخان لە ئەرکی ڕۆژنامەگەری کوردیدا

لە ساڵی ١٨٩٨ـەوە کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەسەر دەستی میقداد مەدحەت بەدرخان لە قاهیرە چاپکراوە، ڕۆژنامەگەری کوردی بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەك لە کوردستانی باشوور لەسەنگەری مقاوەمەت بووە و هەمووکات لەدەرەوەی دەسەڵات و حکومڕانی بووە، لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەتا ئێستاش ڕۆژنامەگەری کوردی لەدەرەوەی دەسەڵات و حکومڕانیە و بارودۆخێکی ئەوتۆ نەڕەخساوە وەك ئەوەی لە باشووری کوردستان هاتۆتە ئاراوە، کاری ڕۆژنامەگەری کوردی وەرچەرخانی بەسەردا بێت، ڕاستە دەموچاوی دەسەڵات و حاکمەکانی ئەو وڵاتانە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەرکی ڕۆژنامەگەری لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان هەمان ئەو ئەرکەیە کە ١١٥ ساڵ لەمەوپێش یەکەم ڕۆژنامە لە پێناویدا دەرچووە، کەئەویش ئەرکی مقاوەمەت و پارێزگاریکردنە لە ماف و ناسنامەی نەتەوەییمان، لە باشووری کوردستانیش کە ئێستا حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، دیسان لە بەشێکدا کە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەی دەبات وەك هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك و ئیدارەی گەرمیان، لەم ناوچانە وەرچەرخانێك لە ئەرکی ڕۆژنامەگەری هاتۆتە ئاراوە، بەڵام لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە شەنگارەوە تا خانەقین، هێشتا ئەرکی ڕۆژنامەگەری کوردی ئەرکێکی هاوشێوەی ئەرکی سەرەتایی ڕۆژنامەگەریی کوردییە، لەبەر ئەوەی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە هێشتا لە هەوڵی ئەوەدان ناسنامەی کوردستانیبوونی خۆیان بسەلمێنن و ببنەوە بەبەشێك لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

کەواتە ئەگەر بەدیدێکی واقیعیانە سەیری بارودۆخی ڕۆژنامەگەری خۆمان بکەین، ئەوا لە چوارچێوەی ئەو بازنە گەورەیە پێی دەگوترێت (ڕۆژنامەگەری کوردی یان کوردستانی) ئەوا لەبەشێکی زۆر بچووکدا کە ئیدارەی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، وەرچەرخانێك ڕوویداوە و ئەرکی ڕۆژنامەگەری لە ئەرکی مقاوەمەتەوە گۆڕدراوە بۆ ئەرکی بەشداریکردن لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و دەسەڵاتێك بۆ چاودێری پرۆسەی حکومڕانی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ حکومڕانی باش.

لێرەوە کاتێك هەڵوەستە لەسەر ئەم بازنە بچووکە دەکەین و بازنە گەورەکە بەجێدەهێڵین، مەبەستمان ئەوەنییە لایەنی مقاوەمەت و هەوڵدان بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی فەرامۆش بکەین، نەخێر مەبەستمان ئەوەیە چۆن لەم وەرچەرخانە هەنگاو بۆ ئەوە هەڵدەگرین ڕۆژنامەگەری کوردستانی چۆن لە بەشێکی کوردستانی باشوور خەریکە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە پرۆسەی دیموکراتی و حکومڕانی لە سیستمی دیموکراتیدا، بە هەمان شێوە دەخوازین ڕۆژنامەگەری کوردستانی لەناو بازنە گەورەکەدا ببێتە بەشێك بۆ چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کورد لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان و هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش ببێتە بەشێك لە گێرانەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ ژێر سایەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەڵام ئایا ئەم وەرچەرخانەی لە ئەرکی ڕۆژنامەگەری

**ئەرکی ڕۆژنامەگەری لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان هەمان ئەو ئەرکەیە کە ١١٥ ساڵ لەمەوپێش یەکەم ڕۆژنامە لە پێناویدا دەرچووە، کەئەویش ئەرکی مقاوەمەت و پارێزگاریکردنە لە ماف و ناسنامەی نەتەوەییمان**

کوردستانی لە ناوچەکانی ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، بە تەنیا ئەرکی سەرشانی رۆژنامەنووسانە مامەڵە لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە بکەن، یان ئەرکی هەموو توخمەکانی دیکەی حکومڕانیە لەوڵاتدا کە تێڕوانینی خۆیان بەرامبەر بە میدیا بگۆڕن و بە ئاستی ئەو وەرچەرخانە مامەڵە لەگەڵ میدیا بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر لەو روانگەیەوە بەرپرسیاریەتی بخاتە سەر شانی رۆژنامەنووسان بەوەی دەبێت بەتێڕوانینێکی دیکە سەیری کاری رۆژنامەگەری ئێستا بکەن، ئەوا بەدیوێکی دیکەدا بەپرسیاریەتی دەخاتە سەر تەواوی توخمەکانی دیکەی حکومڕانی بە تایبەتی (حکومەت و حزبە سیاسیەکان) کە دەبێت ئەوانیش بە ئاستی ئەو وەرچەرخانە سەیری میدیا بکەن و دەبێت ئەو راستیەیان لەبەرچاو بێت کە بۆ سیستمی دیموکراتی (میدیا بڕبڕەی پشتی دیموکراتیە) ئەوجا ئەگەر لەڕووی زانستی بیۆلۆژیەوە رۆڵی گرنگی بڕبڕەی پشت بۆ مرۆڤ سەیر بکەین، ئەوا هەست دەکەین ئەگەر تەنیا یەك بڕبڕە کە ستوونی بڕبڕەکان پێکدەهێنێت نەخۆش بکەوێت، ئەوا ئەو مرۆڤە ناتوانێت بە پێوە رابوەستێت و ئەگەر راشبوەستێت ناتوانێت بە رێکی رابوەستێت یان دەبێت بە گۆپاڵێك رابوەستێت، ئەگەر ئەم حاڵەتە لەڕووی بایلۆژیەوە بۆ تەندروستی مرۆڤ بەوجۆرە بێت، ئەوا لەرووی سیاسیشەوە بۆ سیستمی دیموکراتی ئەگەر ماس میدیا بەهەموو شێوەکانیەوە(ئەهلی، حزبی، حکومی) هەریەك لەم میدیانە نەخۆش بکەوێت یان نەتوانێت لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە خۆی بگونجێنێت، ئەوا ستوونی بڕبڕەی پشتی حکومڕانی کەموکورتی تێدەکەوێت و سیستمەکە ناتوانێت بەرێکی لەسەر پێی خۆی رابوەستێت.

لەم راستەوە ئەگەر بەو تێڕوانینە سەیری پرۆسەی حکومڕانی بونیادی دیموکراتی بکەین و لەناو ئەم پرۆسەیەشدا میدیا وەك توخمی سەرەکی ئەو پرۆسەیە سەیر بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو راستیەی چۆن لە پرۆسەی بونیادنانی دیموکراتی و پرۆسەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و پرۆسەی پەرەپێدان، کارێکی هەڵە دەکەین کۆپی ئەزموونی وڵاتانی دیکە بکەینەوە (هەتا ئەگەر ئەو ئەزموونانە زۆر سەرکەتووش بن لەوڵاتی خۆیاندا) ئەوا لە بونیادنانی ژێرخانێکش بۆ سیستمی کاری میدیایی، تووشی هەڵەی گەورەتر دەبین ئەگەر شێوازی میدیای رۆژئاوایی یان دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی بەهەمان شێوەی ئەو وڵاتانە کۆپی بکەینەوە، لەمەدا مەبەست ئەوەنییە کە هەوڵی ئەوە بدەین ئەرکی میدیا گۆڕانکاری بەسەردا بێنین، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە شێوازە جیاوازەکانی میدیای(ئەهلی و حزبی و حکومی) لەگەڵ ئەرکی میدیا لە سیستمی دیموکراتی بگونجێن بە یاسای گەمەی سیستمی دیموکراتی ئەرکی میدیا لەناو سیستمە سیاسیەکە هەڵبسوڕێنن، کەواتە ئەگەر وەرچەرخانەکە بێجگە لە رۆژنامەنووسان یان راگەیاندنکاران، لایەنی حزبی و حکومیش بگرێتەوە، ئەوا دەکرێت هەم میدیای ئەهلیش هەبێت و هەمیش میدیای حزبی و حکومیش هەبن، هەر یەکەیان بە شێوازی خۆی خزمەت بە پرۆسە دیموکراسیەکە دەکات. لەوانەیە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات ئایا چۆن میدیای حزبی و حکومی دەتوانن خزمەت بە پرۆسەی دیموکراتی لەوڵاتدا بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەچەند خاڵێك دەدەینەوە:

١- حزبی سیاسیی لەناو سیستمی دیموکراتی، پێویستە پێش ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بونیاد بنێت، گرنگە لەناو خودی حزبەکەی خۆیەوە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ناوخۆیی لە حزبدا پێڕەو بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەر حزبێك کادری دیموکراتی پەروەردە نەکات، ناتوانێت دیموکراتی لەناو کۆمەڵگە بونیاد بنێت، لەم حاڵەتەدا کە ئامانجی حزب دیموکراتیە، ئەوا بۆ پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ناوخۆیی حزب دیسان میدیای حزبەکە دەبێتە ستوونی بڕبڕەی پرۆسەی دیموکراتی لەناوخۆیی حزبدا، هەربۆیە لەو حزبانەی کە ئامانجیان دیموکراتیە، ئایدلۆژیەتێکی چەقبەستوو نییە وەك رایەڵ ئەندامەکانیان پێکەوە کۆبکاتەوە، بەڵکو پرسێکی گشتی نیشتمانی هەیە، بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەو پرسە گشتیە هەمووانی کۆکردۆتەوە، راستە ئامانجی ئەو حزبە یەك ئامانجە، بەڵام تێڕوانین بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو پرسە یەك تێڕوانین نییە، ئەم جیاوازییە لە تێڕوانینی ئەندامانی حزب لەناو میدیای حزبدا رەنگدانەوەی دەبێت و لەناو هەیکەلی حزبدا دیالۆگ بۆ پێکەوە گونجان و هەڵبژاردنی باشترین دێتە ئاراوە، ئەگەر لێرەدا پارتی و یەکێتی بەنموونە وەربگرین کە دوو حزبە فەرمانڕەواکەی هەرێمی کوردستانن، ئەوا ئەرکی سەرەکی میدیای ئەم دوو حزبە تەنیا ئەوەندە نییە لایەنە باشەکانی حکومڕانی لە کوردستان پیشان بدەن، بەڵکو دەبێت دەسەڵاتی چاودێریکردن بن بەسەر ئەو کادرە حزبیانەی کە بەرێگەی پارتی و یەکێتی کە ئێستا لە پۆستە گشتیەکان دانراون، ئەگەر ئەم چاودێری کردنەش بە ئەرکی سەرشانی خۆیان نەزانن، ئەوا ئەو متمانەی جەماوەر بە هەردوو حزبی (پارتی و یەکێتی) هەیەتی، بەرێگەی لێنەهاتووی کادرێك لە پۆستێکی گشتیدا زەرەرمەند دەبێت، بۆیە میدیاکانی پارتی و یەکێتی ناچارن لەپێناوی بەرژەوەندی حزبەکانی خۆیاندا دەست بخەنە سەر کەموکورتیەکان و رەخنە رووبەڕووی حزبی خۆیان و کادرانی خۆیان بکەنەوە، هەروەها دەکرێت دان بەو راستیەشدا بنێن، میدیای حزبی لە پێناوی بەرژەوەندی حزبەکەی بە پلەی یەکەم رەخنە لە حزبەکانی خۆیان دەگرن، بەڵام دیسان لەبەر ئەوەی ئەم رەخنەیە پرۆسەی دیموکراتی ناوخۆی حزب بەردەوامی

**حزبی سیاسیی لەناو سیستمی دیموکراتی، پێویستە پێش ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بونیاد بنێت، گرنگە لەناو خودی حزبەکەی خۆیەوە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ناوخۆیی لە حزبدا پێڕەو بکات**

**لەنێوان رەتکردنەوەی دیموکراتی لیبرالی و دەرکەوتنەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوی ئەسۆریتاریانیزمدا، هێشتا لە جیهاندا شێوازێکی حکومڕانی دروست نەبووە کە بتوانێت پەنای بۆ ببرێت**

**ڕۆژنامەگەری ئەهلی یان ئەوەی پێی دەڵێن سەربەخۆ، ئەم شێوازە بۆ وڵاتی تازە پێگەیشتوو، هاوشێوەی هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە، پێویستی بە بونیادنانەوەی ژێرخانە بۆ ئەوەی سیستمی میدیایی لەسەر دابڕێژرێت**

**میدیا خۆی دەبێت هاوکاربێت لە بونیادی دیموکراتی بۆ ئەوەی ژینگەی تەندروست بۆ کاری میدیایی خۆی فەراهەم بکات**

پێدەدات و حزبیش فاکتەری سەرەکی بونیادی دیموکراتیە لە کۆمەڵگە و هەتا ئێستا ئەلتەرناتیفی بۆ دروست نەبووە، ئەوا سەرەنجام لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەش دەبێت، بەڵام ئەگەر حزبی سیاسیی ئەم وەرچەرخانەی لا دروست نەبووبێت کە میدیا وەك بڕبڕەی پشتی دیموکراتی سەیر بکات و میدیای حزبەکەی تەنیا بە ئامێریك بزانێت بۆ ڕازاندنەوەی ئایدلۆژیەتی حزبی، ئەوا ئەم جۆرە میدیایە نەك ناتوانێت جیاوازییەکان وەك خۆی پیشانبدات، بەڵکو دەبێتە ئامرازێك بۆ سڕینەوەی جیاوازییەکان.

٢- لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو هێندەی کێشەی شێوازی حکومڕانی هەیە، هێندە کێشەی سنوردارکردنی دەسەڵاتەکانی ناو سیستمەکە بوونی نییە، وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی بەریتانیا و ئەمریکا، لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە کێشەی دەسنیشانکردنی شێوازی حکومڕانیان نەبووە، بۆیە زۆتر جەختیان لەسەر سنوردارکردنی دەسەڵاتەکان کردۆتەوە و لە پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیشدا، هەر دەسەڵاتێك هێندەی بۆی گونجاو بێت بەهەموو شێوازێك هەوڵیداوە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. زۆر لە پسپۆڕان و بیرمەندانی سیاسیی پێیانوایە گواستنەوەی ئەزموونی بەریتانی و ئەمریکی بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بۆتە هۆکاری ئەوەی لەبری ئەوەی کێشەکانی ئەو دەوڵەتانە چارەسەر بکرێن، کێشەی بۆ ئەو دەوڵەتانە دروستکردووە، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکیە بۆ فەشەلی پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی لە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا. ئەمە بەرەو ئەو ڕاستیەمان دەبات کە گرنگترین خاڵی سەرەکی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەسنیشانکردنی شێوازی سیستمی حکومڕانیە، شێوازی سیستمی حکومڕانیش تەنیا ئەنجامدانی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو بونیادی بنەماکانی لیبرال دیموکراتی یە، هەر بۆیە ئەگەر حکومەتێك لەسەر بنەماکانی سیستمی لیبرال دیموکراتی و لەچوارچێوەی ئەرکی حکومەت لە پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا کاری خۆی بکات، ئەوا ئەگەر خاوەنی میدیایەکی تایبەت بەخۆشی بێت، ئەوا میدیای حکومەتیش نەك هەر نابێتە هۆکارێکی پڕوپاگەندەکردن بۆ حکومەت، بەڵکو دەبێتە هۆکارێك بۆ پێدانی زانیاری ڕاست بە هاووڵاتیان و هاندانی هاووڵاتیان بۆ زیاتر بەشداریکردن لە پرۆسەی حکومڕانی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکانی حکومەت، حکومەتیش لەبەر ئەوەی بەرزترین دەسەڵاتی جیبەجێکردنە لەوڵاتدا ئەوا هەموو بڕیارەکانی کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەبێت، بۆیە میدیای حکومی ڕۆڵێکی باش لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگێڕێت، هەروەك چۆن لە هەردوو نموونەی ئەمریکا و بەریتانیا میدیای حکومی بوونی هەیە، تەنانەت هەتا ئێستاش سەرۆکی ئەمریکا لێدوانی ڕادیۆیی هەیە کە پەیامی خۆی لەو ڕادیۆیەوە ئاراستەی گەلی ئەمریکا دەکات، بۆ ئێستای حکومەتی



هەرێمی کوردستان، گرنگە میدیای حکومی هەبێت، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی حکومەت پێویستی بە کەناڵێکە بۆ ئەوەی ئەو کارانەی کە دەیکات بڵاوی بکاتەوە وەك پڕوپاگەندە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئایدلۆژیەتێکی ڕادیکاڵ وەك ئۆپۆزسیۆن بوونی هەیە کێشەی شێوازی حکومڕانی هەیە، واتە ئەو ئۆپۆزسیۆنەی هەیە گومان دەخاتە سەر ئەو ئاراستە حکومڕانیەی حکومەت کە لەسەر بنەمای لیبرال دیموکراتی دەیەوێت حکومەتایەتی بکات، ئەمە جیاوازە لەوەی حکومەت لە ئەدای جێبەجێکردنی بەرنامەکەی کەموکورتی هەیە یان نە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە حکومەت و ئۆپۆزسیۆن لەسەر بنەمای یاساکانی گەمەی دیموکراتی پێکەوە ڕەفتار ناکەن، بە واتایەکی دیکە لای ئۆپۆزسیۆن مەسەلەکە ئەوەنییە حکومەت کەموکورتی هەیە، بەڵکو شێوازی حکومڕانی و هەڵسوڕانی حکومەت لەسەر بنەمای دیموکراتی و لیبرالی ڕەتدەکاتەوە، ئەوجا لەنێوان ڕەتکردنەوەی دیموکراتی لیبرالی و دەرکەوتنەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوی ئەسۆریتاریانیزمدا، هێشتا لە جیهاندا شێوازێکی حکومڕانی دروست نەبووە کە بتوانێت پەنای بۆ ببرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە کێشەی جیاکردنەوە و سنوردارکردنی دەسەڵاتەکان لە سیستمی دیموکراتی دەگۆڕێت، بۆ کێشەی سیستمی حکومڕانی، ئەوا کۆی سیستمە دیموکراتیەکە دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی ئایدۆلۆژیەتێکی ڕادیکاڵی، بۆیە لەم حاڵەتەدا بۆ حکومەت گرنگە کەناڵێکی میدیایی هەبێت کە زانیاری ڕاست و دروست بداتە هاووڵاتیان لەکاری حکومەت ئاگاداریان بکاتەوە.

ڕۆژنامەگەری ئەهلی یان ئەوەی پێی دەڵێن سەربەخۆ،



ئەم شێوازە بۆ وڵاتی تازە پێگەیشتوو، هاوشێوەی هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە، پێویستی بە بونیادنانەوەی ژێرخانە بۆ ئەوەی سیستمی میدیایی لەسەر دابڕێژرێت و ناکرێت، ئەم لایەنە گرنگە لە کۆی پرۆسەی حکومڕانی جیابکرێتەوە، خۆ ئەگەر بۆچوونی بەوجۆرە هەبێت کە پێیوابێت میدیای ئەهلی ئەو میدیایە کە پشت بەداهاتی خۆی دەبەستێت و دەبێت میدیا ئەو توانایەی هەبێت خۆی داهات بۆخۆی دابین بکات، ئەوا بێگومان ئەم بۆچوونە لەڕووی تیۆرییەوە راستە، بەڵام لەرووی کردارییەوە ئەم ئاراستەیە نەك هەر لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بەڵکو لەوڵاتانی رۆژئاوای لیبرال دیموکراتیش کێشەی دروستکردووە، تەنانەت وەك یۆرگن هابرماس فەیلەسوفی ئەڵمانی ئاماژەی پێکردووە، باشترین کۆمپانیای میدیایی رێژەی قازانجی ٪ ٣-٥ تێپەڕ ناکات، لەکاتێکدا هەر کۆمپانیایەکی دیکە رێژەی قازانجی ٪١٠-١٥ کەمتر نییە، کۆمپانیاکانی میدیاش بەردەوام قازانجیان لە دابەزینە، بۆیە ناچار بوون بازرگانی بەهەواڵ بکەن و هاووڵاتی بکەنە کڕیار، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی دیموکراتی لەرۆژئاوا بکەوێتە مەترسیەوە، بۆیە هابرماس داوا ئەکات حکومەتە دیموکراتیەکان هاوکاری میدیا بکەن بۆ ئەوەی بازرگانی بە هەواڵەوە نەکەن، لەبەر ئەوەی هاووڵاتی وەك پێویستیی، پێویستی بە زانیارییە، نەك کڕیار بێت و زانیاری وەك شمەکی بازرگانی بکڕێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر لەوڵاتانی پیشەسازی رۆژئاوا، دابینکردنی سەرچاوەی داهات بۆ بەردەوامی کاری میدیا کێشەی هەبێت، ئایا لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو میدیای ئەهلی چ کێشەیەکی لە دابینکردنی سەرچاوەی داهات دەبێت؟ ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات لەسەر ئەرکی میدیا لە قۆناخی راگواستن هەڵوەستە بکەین، لەبەر ئەوەی میدیا جیالەوەی وەك پێناسەی گشتی هۆکارێکە بۆ پاراستنی دیموکراتی، ئەوا لە قۆناخی راگواستندا هۆکارێکی گرنگە بۆ بونیادی دیموکراتی و، لەم قۆناخەدا ئەرکی میدیا قورسترە لە قۆناخی دوای تێپەڕاندنی قۆناخی راگواستن، ئەمە وەك لایەنێکی گرنگ و بەرچاو بۆ رۆڵی میدیا دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، لەهەمانکاتدا گرنگە میدیاکارانیش گرنگی ئەم قۆناخە لەبەرچاو بگرن، بەوەی هەر وڵاتێك لە قۆناخی راگواستن و بونیادی ژیانی دامەزراوەیی تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێت بەپێی پێداویستی و هەلومەرجی ئەو تایبەتمەندیە، میدیا هاوکار بێت لە پرۆسەی بونیادناندا، مەبەستیش لە ئەرکی بونیادنان ئەوەیە، میدیا خۆی دەبێت هاوکاربێت لە بونیادی دیموکراتی بۆ ئەوەی ژینگەی تەندروست بۆ کاری میدیایی خۆی فەراهەم بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر میدیا لە رۆژئاوا یان لەو وڵاتانەی کە پێیان دەگوترێت دیموکراتی پێگەیشتوو، تەنیا ئەرکی چاودێریکردنی دەسەڵاتەکان بێت و چاوی ئێشکگر بێت لەوەی رێگە نەدات بەرپرسانی پۆستە گشتیەکان دەسەڵاتەکانیان خراپ بەکار نەهێنن، ئەوا لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ئەرکی سەرەکی میدیا دیاریکردنی شێوازی حکومڕانی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئینجا ئەرکی دەبێتە چاودێری کردنی سنوردارکردنی دەسەڵاتەکان.

پیری ئەرنۆڵد بۆ گوڵان:

# کێشەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەوەیە، رۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە پاپەند نابن بە ئیتیکی رۆژنامەگەرییەوە



**پرۆفیسۆر پیری ئەی ئەرنۆڵد ئوستادی زانستی سیاسیی و پەرەپێدانی سیاسی و سیاسەتی گشتیە لە زانکۆی نۆرس داما و یەکێکە لەو چالاکوانانەی کە رێکخەری هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بووە لە ئەمریکا و خاوەنی کتێبی (چۆن سەرکردەیەکی نموونە دروست بکەین)، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی میدیا لە پرۆسەی بونیادنانەوە و بونیادی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، چەندین پرسی گرنگمان لەگەڵ تاوتوێ کرد و پرۆفیسۆر ئەرنۆڵد بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

**پێویستە حکومەتی دیموکراتی پاڵپشتی دەزگاکانی راگەیاندن بکات، لەبەر ئەوەی راگەیاندن گرنگە بۆ دیموکراسی**

*** لە سیستمی دیموکراسیدا کۆمەڵێك توخم هاوبەشن لە پرۆسەی حکومڕانیدا، کە لەناویاندا میدیاش یەکێکیانە، ئایا تاچەند میدیا لەناو پرۆسەی حکومڕانی دیموکراتی رۆڵی خۆی دەگێڕێت؟**

- دیموکراسی سیستمە، لەبەر ئەوە پێشبینی بوونی پارتی سیاسی دەکەین لە دیموکراسیدا، هەروەها پێشبینی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەین، ئەمەش ئەوە لە خۆدەگرێت کە پێویستە هاووڵاتیان زانیاریان هەبێت لەبارەی ئەو هێزانەوە پێویستە زانیاریان هەبێت لەبارەی پاڵێوراوەکانەوە، لەبارەی بەرنامەکانەوە، لەبارەی پرسە گشتیەکان و سیاسەتەکانەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا راگەیاندن ئەو رۆڵە دەگێڕێت کە زانیاری بداتە هاوەڵاتیان و هاووڵاتیانیش لەڕێی ئەو زانیاریانەوە ئەو پێشمەرجانە بەدەست دەهێنن کە پێویستن بۆ هەڵسوکەوتی دیموکراتیانە.

*** ئەگەر رۆڵی میدیا چاودێریکردنی حکومەت و پەرلەمانیش هەر چاودێری کاری حکومەت بکات، ئایا لەم حاڵەتە جیاوازی نێوان پەرلەمانتار و رۆژنامەنووس چیە؟**

- پێموایە ئەمە پرسیارێکی گرنگە، با لە گومانکردن لەو بناغەیەوە دەست پێبکەم کە پرسیارەکەی ئێوەی لەسەر بنیاتنراوە، پێموانییە راگەیاندن و یاسادانەران، هاوتەریبن یاخود هاوتای یەکن، یاسادانەران لە چوارچێوەی دامەزراوەی دەوڵەتدان، ئینجا دامەزراوەی راگەیاندن هەیە. پرسیارەکەی ئێوە کە باس لەوە دەکەن دامەزراوەی راگەیاندن کاریگەریەکی گرنگی هەیە لەسەر بیروبۆچوون و تێڕوانینی هاووڵاتیاندا، زیاتر لە یاسادانەران یاخود لە حکومەت، کەواتە دەکرێت دامەزراوەکانی هەواڵ و رۆژنامەگەری کاریگەری بەهێزیان هەبێت، کە دەکرێت بەلای خراپ و بەلای باشیشدا بێت، چونکە مەرج نییە دەزگای راگەیاندن پابەند بێت بە گەڕان بەدوای ئامانجێکی دیاریکراودا، رەنگە دەزگایەکی راگەیاندن هەبێت، وەك دەزگایەکی هەواڵی یان کەناڵێکی تەلەفزیۆنی، کە بۆ مەبەستی قازانج کراونەتەوە، هەندێ جار بۆ لایەنداریکردن کۆمپانیایەك ئامادەییەکی زۆری هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی ناڕاستن. ئەگەر گۆڕانکاریەکان یان ئەوەی لە داهاتوودا لە کۆمەڵگەدا روودەدات بە رادەیەکی گەورە بوەستێتەسەر ئەوەی هاووڵاتیان چۆن بیر دەکەنەوە سەر ئەوەی هاووڵاتیان دەیانەوێت چی ببینن، ئەوا ئەوەی هاووڵاتیان لە راگەیاندنەوە فێری دەبن کاریگەری دەبێت لەسەر ئایندە.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت پێویستە راگەیاندن پشت بە داهاتی خۆی ببەستێت، بەڵام لە وڵاتێکدا کە هێشتا بنەمایەکی ئابووری لەسەر ململانێی بازاڕ دروست نەبووە، راگەیاندن پێویستی بەهاوکاری حکومەتە، ئایا دەکرێت حکومەت لەڕووی دابینکردنی داهاتەوە پشتگیری میدیا بکات؟**

- ئەمەش پرسیارێکی جێی بایەخە، ئایا پێویستە حکومەت لەڕووی ئابووریەوە پاڵپشتی راگەیاندن بکات. کێشەی ئەم حاڵەتە ئەوەیە، ئەگەر حکومەت پاڵپشتی

راگەیانـــدن بکات، ئەوا راگەیانـــدن دەبێتە ئامرازێکی پڕوپاگەنـــدە بۆ حکومەت، پاســـاوی ئەوەیـــە، رەنگە بناغەی ئابووری راگەیاندن لاواز بێت، کەواتە پێویستە حکومەتی دیموکراتی پاڵپشـــتی دەزگاکانی راگەیاندن بکات، لەبەر ئەوەی راگەیاندن گرنگە بۆ دیموکراسی. ئەگەر پاڵنەری بەهێزی دەسەڵاتداران بۆ پاڵپشتیکردنی دەزگاکانی راگەیاندن بۆ ســـوود و بەرژەوەندی خۆیان بێـــت و پاڵپشـــتی پارتەکەیـــان بکات و بەو شـــێوەیە ببێتـــە ئامرازی پڕوپاگەندە، ئەمە مەترســـیەکەیە، ئەم مەترســـیەش بە شێوەیەکی دیاریکراو پەیوەستە بە وڵاتە تازەگەشـــەکردووەکانەوە، لە چوارچێوەی دیموکراســـیە نوێیەکاندا، کە خودی دیموکراســـی بناغەیەکی باشی نەچەســـپاندووە، کە دیموکراســـی نەریتێکـــی لاواز و بناغەیەکی لاوازی هەیە. من دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکە و ئایـــا ئامرازێکی بەدیـــل هەیە بۆ پاڵپشـــتیکردنی راگەیانـــدن لەلایەن دامـــەزراوەی حکومەتەوە، بەدیلی دامەزراوەکانـــی حکومـــەت بـــۆ ئـــەوەی بناغەیەکی سەقامگیری راگەیاندنی هەبێت. هەروەها ئەوەش دێتە هزرمان کە لە ناوخۆدا و لە نێو وڵاتدا، کە بکرێتە بەشێك لە بەرپرسیارێتیەکانی زانکۆ کەپاڵپشتی هەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنی یان رۆژنامەی گرنگ بکەن.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ، رۆڵی میدیا لەنێو فەزای گشـــتی و پێدانی زانیاری راســـت بە هاووڵاتیان، ئایا تاچەند ئیتیکی رۆژنامەگەری بۆ دروســـتکردنی رای گشتی گرنگە؟**

- ئەمەش پرســـیارێکی زۆر باشـــی دیکەیە. لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و هەروەها لە وڵاتە گەشەکردووەکانی وەك ئەمریـــکا و وڵاتانی ئەورووپادا ئەو جۆرە کێشـــەیە هەیـــە کە ئێوە ئامـــاژەی پێدەکەن، کە چـــۆن وابکەین رۆژنامەگەری و راگەیاندن پابەندبن بە ئەتەکێتی ئاست بەرزەوە و هەروەها بەوەی وردی راپۆرت بکەن. وەڵامەکە ئەوەیە لە زۆربەی وڵاتە گەشەکردووەکاندا پابەندبوونی خودی رۆژنامەنووســـان بە ئیتیکی رۆژنامەنووسەیەوە نییە وەك ئەمریکا، لە وڵاتیکی وەك ئەمریکا پێشبینی دەکرێـــت خـــودی رۆژنامەنووس خۆیان پیشـــەوەربن و ئەتەکێتی خۆیان هەبێت. کەواتە ئەتەکێتی رۆژنامەوانی هەیە، کـــە رۆژنامەنووســـان لەســـەر ئەوە پـــەروەردە دەکرێـــت، کە پێشـــێلکاری نەکەن و لەلایـــەن دەزگای راگەیاندنەوە بسەپێنرێت، بۆ نموونە لەلایەن موحەڕیری رۆژنامەکانـــەوە. هیـــچ یەکێك لەمانـــە مۆڵەتپێدانی حکومەت لـــە خۆناگرێت، هیچ شـــتێك لەمانەوە ئەوە لـــە خۆناگرێت کە حکومەت ئـــەوە دیاری بکات چی راپۆرتێك ورد و چ راپۆرتێك ورد نییە. کێشـــەکە ئەوەیە لە وڵاتە تازەگەشـــەکردووەکاندا، نموونەی هەموو جۆرە خراپەکانـــی رۆژنامەگەری و راپۆرتـــی نا ورد هەیە، و بوونی رێکخســـتنێکی خودی زەمانەت نییە. کاتێك ئێمە قسەدەکەین ئەوا بیر لە نموونەی خراپ دەکەمەوە، لە حاڵەتی پاکســـتان بڕوانە، کە دەزگاکانی راگەیاندن بـــە بەردەوامـــی توندوتیژی و تیـــۆری پیلانگێڕی و بانگەشـــەی بێ بنەما بڵاودەکەنەوە و رێکخستنێك نییە بۆ ئەم کارە. کێشـــەکە ئەوەیە ئایـــا کوالێتی راگەیاندن چیـــە، رەنگە باشـــترین وەڵام بریتی بێـــت لە وەڵامە کۆنەکـــە، کە بریتیە لە بوونی «بازاڕی بیرۆکە»، واتە رەنگە باشـــترین وەڵامی راپۆرتێکی خراپ بریتی بێت لـــە راپۆرتێکی باش، رەنگـــە دەزگایەکی راگەیاندنی باش بێت، بۆ ئەوەی بیســـەلمێنێت، کە راپۆرتی خراپ درۆ دەکات، بە دڵنیاییەوە خاڵی سەرەکی لێرەدا بریتییە لە بوونی هاووڵاتیەکی خاوەن زانیاری کە راســـتی جیا دەکاتەوە.

*** لایەنیکی دیکە لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، دەسپێکی پرۆسەی پەرەپێدان و گواستنەوەی ئابوورییە لە ئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ، هەروەها دەرکەوتنی دیاردەی گەندەڵیـــە لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریەدا، ئایا تاچەند میدیا بەشدار دەبێت لە پرۆسەی پەرەپێدان و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا؟**

- ئـــەوەی جێی بایەخە لە پرســـیارەکەی ئێوەدا، بریتییە لـــەوەی بوونی دەزگایەکـــی راگەیاندنی بـــاش رەنگە باشـــترین چەك بێت بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، یان ئاشـــکراکردنی گەندەڵی، بەڵام ئەگەر رۆژنامە، یاخود، دەزگای راگەیانـــدن، یان تەلەفزیۆن و رادیۆ پشـــت بە داهاتی رێکلام ببەستن لە کەرتی تایبەتیەوە، ئەوا ئەو کاتە دەکرێت دەمکوت بکرێن، ئەمە دژیەکیە. با بگەڕێمەوە بۆ شتێك کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، کە پەیوەستە بە گرنگی پشتبەستنی راگەیاندن بە حکومەت، ئێستا پرسیارەکەی ئێوە ئەوەیە پێویســـتە راگەیاندن پشت بە کەرتی تایبەتی نەبەســـتێت، کاتێك پێشـــنیارم کرد، کـــە دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لە نێویاندا من باســـی زانکۆکانم کـــرد، کە دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن پشتیوانی دەزگای راگەیاندن بکەن، کە ئازاد دەبێت لە حکومەت و ئازاد دەبێت لە کەرتی تایبەت، ئەوا لـــە کۆمەڵگەدا دەنگێك دروســـت دەبێت کە پابەند دەبێت بەوەی بابەتیانە راپۆرت بکات.....ئەو کاتە بەلای کەمـــەوە دەزگایەکی راگەیاندن دەبێـــت کە دەتوانرێت لە رێیەوە حوکم لەسەر دەزگاکانی دیکە بدرێت....ئەوەی من دەمەوێت خۆمی لێ لابدەم، گەیشتنە بەو دەرئەنجامەی کە وەڵامی پرسیارەکەی

**لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، نموونەی هەموو جۆرە خراپەکانی رۆژنامەگەری و راپۆرتی نا ورد هەیە، و بوونی رێکخستنێکی خودی زەمانەت نییە**

**بوونی دەزگایەکی راگەیاندنی باش رەنگە باشترین چەک بێت بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، یان ئاشکراکردنی گەندەڵی**

**ئەوەی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی بواری پێدەدات و ئەوەی ئەنتەرنێت بواری پێدەدات، بریتییە لەبڵاوبوونەوەی شەپۆلێك لە زانیاری و بیروبۆچوون و تیورگەلێکە کە دیاری کراو نین**

ئێوە بێت، ئەویش ئەوەیە بەڵێ پێویستە راگەیاندن لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری بکرێت، لەبەر ئەوەی پێموانییە ئەوە چارەسەرەکە بێت، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکاندا. با حاڵەتێکی پێچەوانە وەربگرین، دەتوانین ئاماژە بە دوو حاڵەتی دیاری راگەیاندن بکەین کە لەلایەن حکومەتەوە پشتیوانی دەکرێت، وەك بی بی سی و لە ئەمریکا national public radio هەیە، ئەمانە دەزگای راگەیاندنی زۆر جیاوازن، بەڵام ئەمانە حاڵەتی زۆر دەگمەنن، ئەمە پێویستی بەوەیە ئاستی دیموکراسی زۆر بەرز بێت و بونیادێکی بەهێز هەبێت کە بوار بە حکومەت بدات دەزگایەکی راگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ هەبێت، پێموانییە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان ئەو توانایەیان هەبێت.

*** بەڵام لەبارودۆخی ئێستا هاووڵاتیانیش بەجۆرێك لە جۆرەکان وەك رۆژنامەنووس دەتوانن بەرێگەی ئەنتەرنێت زانیاری و هەواڵ و بیروبۆچوونی جیاواز بڵاوبکەنەوە، ئایا ئەم حاڵەتە کاریگەری لەسەر میدیا نەکردووە؟**

- ئەمە پرسیارێکە جێی بایەخپێدانی زۆر و پرسیارێکی گرنگیشە. هەموو ئەوانەی ئێوە باسی دەکەن بە رادەیەکی گەورە شڵەژان لە رۆژنامەگەریدا دروست دەکەن، هەم وەك کار و هەم وەك پیشە لە جیهانی گەشەکردودا، من مەزەندەی ئەوە دەکەم لە جیهانی تازەگەشەکردودا زیاتریش بێت. کێشەکە ئەوەیە هەموو کەسێك دەبێتە موحەڕیر و هەروەها پەیامنێریش. کەواتە ئەوەی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی بواری پێدەدات و ئەوەی ئەنتەرنێت بواری پێدەدات، بریتییە لەبڵاوبوونەوەی شەپۆلێك لە زانیاری و بیروبۆچوون و تیورگەلێکە کە دیاری کراو نین. رەنگە هەموو کەسێك ببێتە پەیامنێر، بەڵام کەسانێکی کەم دەزانن ببنە پەیامنێرێکی باش، لەبەر ئەوە شڵەژانێکی زۆر دەخولقێت. کەواتە دەرئەنجامەکە- لە پەیوەندیدا بە دەست گەیشتن بەو زانیاریانەی لە ئەنتەرنێتدا و لە راگەیاندنی کۆمەڵایەتی بڵاودەبنەوە، لە ئەمریکادا بیرمان لە مەترسی ئەوە کردۆتەوە، ئەویش ئەوەیە خەڵکی لە ئەنتەرنێتدا بە دوای ئەو زانیاری و بانگەشانەدا دەگەڕێن کە هاوڕان لەگەڵیاندا، کەواتە بە دوای ئەو دەنگانەدا دەگەڕێت کە دەگونجێن لەگەڵ ئایدۆلۆژیای خۆی و لەگەڵ وەلائی خۆیدا، لەبەر ئەوە خۆت دادەخەیت بە رووی دەنگەکانی دیکە و زانیاریەکانی دیکەدا، ئەمە پەرەسەندنێکی مەترسیدارە بۆ دیموکراسی- تا ئەو ئاستەی کە روودەدات-. کەواتە ئێمە لە جیهانی گەشەکردودا ململانێ لەگەڵ ئەو کێشەیەدا دەکەین کە بریتییە لەوەی چۆن پارێزگاری لە ئامادەگیەکی بەهێزی راگەیاندن بکەین.

**روبەرت ئینتمان بۆ گوڵان:**

# لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو پاڵپشتی حکومەت بۆ میدیا گرنگە

*** میدیا و دیموکراسی لێکجیاناکرێنەوە، ئەمەش واتە میدیای بوونی نییە ئەگەر دیموکراتی نەبێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی میدیا پێوەرێکە بۆ ئاستی دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا؟**

- رای گشتی بەشێکە لە دیموکراسی و دەبێت بزانێت حکومەت چی دەکات و پێویستە توانای ئەوەی هەبێت حکومەت بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکانی. پێویستە- ئەوەندەی دەکرێت- راگەیاندن ئازاد بێت بۆ ئەوەی زانیاری لەبارەی کارەکانی حکومەتەوە بگەیەنێتە رای گشتی. ئێمە دەزانین لە وڵاتە دیموکراتیەکاندا، حکومەت کاریگەریەکی زۆری هەیە لەبارەی کارەکانی راگەیاندنەوە. گرژی و ناکۆکی نێوان ئەوەی حکومەت دەیەوێت راگەیاندن رووماڵی بکات و ئەوەی راگەیاندن داوای دەکات، مەسەلەیەکی بنەڕەتیە بۆ دیموکراسی، ئەگەرنا دۆخێکی هاوشێوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، دروست دەبێت، کە کاری راگەیاندن گواستنەوەی ئەوەبوو کە حکومەت دەیەویست، و شاردنەوەی کارەکانی حکومەت بوو لە رای گشتی.

*** زۆر لە چاودێران وای دەبینین لە وڵاتانی گەشەکردودا، کاریگەری راگەیاندن لە کاریگەری پەرلەمان کەمتر نییە، تا چ ئاستێك راگەیاندن رۆڵ دەبینێت لە گۆڕینی کۆمەڵگەدا؟**

- راگەیاندن بە سروشتی خۆی، بایەخ بەهەموو کێشە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە دەدات و هەروەها حەز بە دروستکردنی کەشێکی درامی دەکات، بە واتای ئەوەی ئەگەر پێویست بە گەشەکردن هەبێت لە کۆمەڵگەدا و ئەگەر کێشەهەبێت لە کۆمەڵگەدا، ئەوا راگەیاندن زیاتر جەختی لەسەر دەکاتەوە و رووبەڕوویان دەبێتەوە و خەڵك ئاشنا دەکات پێیان، ئەمەش خێراتر ئەنجام دەدات، بە بەراورد بە دەزگای بیرۆکراسیەکانی پەرلەمان و حکومەت، هەربۆیە دەگوترێت کاریگەری میدیا هاوتای کاری پەرلەمانە. هەندێ جار شتی نوێ دێتەئاراوە کە دەبێتەهۆی شڵەژانی بونیادی دەسەڵات، و رەنگە ئەو دەسەڵاتەی لە ئارادایە نەیەوێت ئیعتیراف بە بوونی ئەو شتە نوێیە بکات، راگەیاندنی ئازاد دەیەوێت رووماڵی ئەوانە بکات و ئەمەش هاوکار دەبێت لە گۆڕینی کەلتوردا.

*** لە کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکاندا، لە سەرەتادا، راگەیاندن بە چەشـــنی دامەزراوەکانی دیکەی حکومەت لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردنـــدا، ژێرخانێکی بەهێزی نییە، راگەیاندنیش لە کۆمەڵگە تازەگەشـــەکردووەکاندا ناتوانێت لەســـەر پێی خۆی بوەســـتێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك پێویستە سیستمی دیموکراتی لەڕێی ئابووریەوە پاڵپشتی راگەیاندن بکات؟**

- راســـتە، پێموایە ئەوە شـــتێکی تەواو دروســـتە، مەترسی دابینکردنـــی دارایی لەلایەن حکومەتەوە بۆ راگەیاندن ئەوەیە، رەنگـــە فشـــار بخاتەســـەر دەزگاکانی راگەیانـــدن و رەنگە هەڕەشـــەی کشاندنەوەی ئەو پاڵپشتیە بکات ئەگەر راگەیاندن هاوکاری نەکات، و ئیتر ئایا دەیانەوێت بە شێوەیەکی دیاریکراو کاربکات، یاخود هەندێ زانیاری بشـــارێتەوە، هەمیشە ئەمە مەترســـی پاڵپشـــتیکردنی حکومەتە- لـــە راگەیاندن-. بە شێوەیەکی گشـــتی، هاوکاری و پاڵپشتی حکومەت کارێکی باشە، ئەگەر یاســـا هەبێت رێگە لەبەکارهێنانی ئەو پاڵپشتیە بگرێت لە فشارخستنەســـەر راگەیاندن، بـــۆ ئەوەی تەنیا بەو شێوەیە کار بکات کە حکومەت دەیەوێت.

*** راگەیاندن رۆڵێکی چالاك دەبینێت لە بواری گشـــتیدا، کە زانیاری راست و دروســـت دەدات بە رای گشتی و خەڵکیش بەهـــۆی ئـــەو زانیاریانەوە دەتوانن بەشـــداری لە پرۆســـەی حکومڕانیـــدا بکـــەن، بـــە بۆچوونی ئێوە، ئایـــا لە قۆناغی گەشەکردندا، ئایا پێویستە رۆژنامەنووسان پابەندبن بە ئەتەکێتی پیشەکەیانەوە و زانیاری راست بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی بە ئاڕاســـتەیەکی دروستدا بەشداری لە پرۆسەی حکومڕانیدا بکـــەن، و ئایا تا چ رادەیەك کارکردنی رۆژنامەنووســـان بەم شێوەیە گرنگە؟**

- ئەمـــە تـــا دوا رادە گرنگە و من لـــەوە تێدەگەم کە لەو وڵاتانە لە قۆناغی گەشەکردنی دیموکراسیدان، ئەمە کارێکی قورســـە، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارانەی ئێوە ئاماژەتان پێکردن، چونکە ئـــەو رێکخراوانە پارەیەکی زۆریـــان نییە، ئەمەش بە واتـــای ئەوە ناتوانن پارەی پەیامنێر و موحەڕیرەکانیان بدەن بە باشـــی. واتە هەندێ جار رۆژنامەنووسان دووچاری گەندەڵی دەبنەوە، هەنـــدێ جار بەرتیل دەدرێت بەو رۆژنامەنووســـەی پارەیەکی باشـــی پێنادرێت لەلایـــەن دەزگاکەیەوە، رەنگە ئەو بەرتیلەکە وەرگرێت و راپۆرتەکە بە جۆرێك دابڕێژێت کە تەواو ورد نەبێت. ئێوە ئاماژە بە شـــتێك دەکەن، کە دروستە، ئەویش ئەوەیە پێویســـتە شان بە شـــانی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی، بەرەوپێشـــچوونی ئابووریش هەبێت، لەبەر ئەوەی ئابووریەکی گەشـــەکردوو دەبێتە پاڵنەری رێکلامکردن و ئیشـــتراك کردن دەبێت، واتە دامەزراوەگەلێك دەبێت، کە ژێرخانێکی باشـــتر و بناغەیەکی ئابووری باشتریان دەبێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروســـتبوونی رۆژنامەگەریەکی پابەند بە ئەتەکێتەوە، لەبەر ئەوەی رۆژنامەنووس دەتوانێت پابەند بێت بە ئەتەکێتەوە.

*** بەهـــۆی بەرەوپێشـــچوونی تەکنەلۆجـــی و هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی، وەك فەیس بووك، و تویتەر و مای سپەیس، کە بۆتەهۆی ئەوەی پەیوەندی لە نێوان خەڵکدا ئاســـان بێت، واتە خەریکە هەموو کەس دەبێتە رۆژنامەنووس، هەر کەســـێك دەزگای پەخشی خۆی هەیە، ئایا تا چەند ئەم بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیایە کاریگەری هەیە لەسەر کاری رۆژنامەنووسان؟**

- زۆر کەس ئەوەی وتووە کە راســـتە ئێستا خەڵکی دەتوانێت بابەتی راگەیاندنی خۆی دروست بکات و لەڕێی ئەنتەرنێتەوە بینێرێت، یەکەم، رەنگە کەســـانێکی کەم پێیـــان بگات، واتە زانیارییێکـــی زۆر ســـنوردار دەبێت بۆ کەســـانێکی کەم (کە ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن)، ئەگەر تەنیا بە گروپێکی بچووکیش بگات، ئەوا رەنگە کاریگەریەکی زۆری نەبێت لەسەر سیاسەت. رێـــی تێدەچێت، ئەگەر شـــتێکی- زانیاریەکی- گرنگ بێت، ئەوا لەڕێی تویتەر و فەیســـبووکەوە بـــە خێرایی بڵاودەبێتەوە، ئەمەش شـــتێکی باشە، ئێمە بینیمان لە شوێنێکی وەك میسر، و تونس و شـــوێنەکانی دیکەدا، کە راگەیاندنی کۆمەڵایەتی رۆڵی هەبوو لە سازدانی خەڵکدا، کێشەکە ئەوەیە ستانداردێك نییـــە و ئەو زانیاریانە لە بێژنگ نادرێن، کە رەنگە زانیاریەك بڵاوببێتەوە کە رەنگە دروســـت نەبێت و رەنگە مەترســـیداریش بێت. یاخود لە شوێنی دیکەدا کە گرژی ئیتنی هەڵدەکشێت، بەهۆی هەواڵێکەوە کە لـــە ئەنتەرنێتدا دادەنرێت و بە خێرایی بڵاودەبێتەوە، کە رەنگە راســـت نەبێت و رەنگە ئاگرخۆشـــکەر بێت. کەواتە دەبێت هاوســـەنگیەك هەبێت لـــە نێوان ئیمکانی بوونی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئەنتەرنێت، و -ڕەخساندنی کەشێك- بۆ ئەوەی زیاتر ئەگەری دروستبوونی حکومەتێکی دیموکراتی بێتەئاراوە، کـــە کارێك بکات حکومەت دووچاری دژواری ببێتەوە لـــە کۆنترۆڵکردنی زانیاریەکاندا، کە ئەمەش کارێکی باشە، لەلایەکی دیکەوە لە غیابی پیشەییبوون و شەن و کەو نەکردنی زانیاریـــەکان، و رەنگە دەرئەنجامێکی خراپ بکەوێتەوە لەم راگەیاندنەوە.

*** ئێـــوە دەزانن کە گەشـــەکردنی بـــەردەوام لـــە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، راستەوخۆ پەیوەســـتە بە بەگژاچوونەوەی گەندەڵیـــەوە، کە ئێمە دەزانین گەندەڵی لە کەرتی گشـــتیدا، مەترســـیدارترە لـــە گەندەڵی لە حکومەتدا، تـــا چ رادەیەك راگەیاندن دەتوانێت بە گـــژ گەندەڵیدا بچێتەوە؟ لەبەر ئەوەی کەرتی تایبەت کاریگەری راســـتەوخۆی هەیە لەسەر داهاتی راگەیاندن؟**

- ئەمە مەســـەلەیەکی دژوارە، چونکە هێشتا لە ئەمەریکاش چارەســـەرنەکراوە، کە راگەیاندن لە ئەمەریکا زۆر پشـــت بە رێکلام دەبەستن، واتە دەسەڵاتی کۆمپانیاکان، کەواتە هەمیشە گرژیـــەك هەیە لە نێـــوان رادەبڕینی ئـــازاد و بڵاوبوونەوەی ئازادانەی زانیاری، و خواستی دامەزراوە زۆر بەهێزەکان، نەك تەنیا دامەزراوە حکومیەکان، بەڵکو دامەزراوە ئابووریەکانیش، کە نایانەوێت باس لەو کێشەی گەندەڵیە بکەن کە لە کۆمپانیاکانی ئەمەریکادا هەیە. کەواتە پێموایە ئەمە کێشەیەکی هاوبەشە لە هەمـــوو جیهاندا بوونی هەیە، و منیش چارەســـەرێکی مەزنم نییە، ئەگەرچی پێموایە ئەنتەرنێت ســـەرچاوەیەکە دەتوانرێت کە بەلای کەمـــەوە لەڕێیەوە هەندێ زانیـــاری بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێی ئاشـــنا بکرێت، بەڵام هێشـــتا پێموایە راگەیاندنی پرۆفیشناڵ پێویستە ئاوڕ لەو پرسانە بداتەوە، پێش ئەوەی دامەزراوە بەهێزەکان فشارێکی زۆر بکەن.



**پرۆفیسۆر رۆبەرت ئینتمان ئوستادی میدیا و کاروباری گشتی و هەروەها ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی جۆرج واشنتۆن و تایبەتمەندە لەبواری رۆڵی میدیا لە دروستکردنی پەیوەندی سیاسیی لەنێو هاووڵاتیاندا بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی بڕیار دروستکردن و حکومڕانی لە وڵاتدا و خاوەنی کتێبی هۆیەکانی گەیاندن و ئاییندەی دیموکراتی، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی میدیا لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر رۆبەرت ئینتمان سازکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

# کۆمەڵگەی کوردیی فەیسبوک

## پەیوەندییە نوێیەکانی مرۆڤی کوردی بە دیموکراسییەوە

(٢)



دکتۆر عادل باخەوان*
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

• **بنەمای خوارەوەی کۆمەڵگە**

ئەنتەرنێت، وەك ڕووداوێکی مەزنی مێژوویی، پێش هەرشتێك بریتییە لە چەندین تۆڕی گفتوگۆی بەیەکداچوو، ئاوێزان، یەکتربڕ یان یەکتر تەواوکەرو بەپێی چەندین لۆژیکی تایبەت بە خۆیان دەڕژێنە نێو یەکترییەوە یاخود لە یەکتری جیادەبنەوە، بەبێ ئەوەی بتوانرێت بڕیاری پێشوەخت لەسەر ئاڕاستەکانیان بدرێت. لێرەوە تێکەڵبوونی سنوورەکان دەبێت بە پراکتیکێکی ڕۆژانە.

بەهرەمەندی یەکەم لە تێکەڵبوونی سنوورەکان خوارەوەی کۆمەڵگەیە، کە لەڕێگای بەکارهێنانی بلۆگ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەك فەیسبوك و تویتەرەوە دەتوانێت گرووپی پاڵەپەستۆ و ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی سەرەوەی کۆمەڵگە، بەتایبەتی نوخبەی دەسەڵات، دروستبکات. ڕاستە خوارەوەی کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی گشتی، خاوەنی زمانێکی ئەدەبی دەربڕین نییەو ڕەنگە لە ڕستەیەکدا چەند هەڵەیەك بکات؛ بەڵام لەپێناوی ئامانجێکی دیاریکراودا، بەئاسانی دەتوانێت «تەعبیئەی» گرووپێك بکات، بەئاسانی دەتوانێت لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژ قسە بکات و لەڕێگای شێوازە هەمەجۆرەکانی دەربڕینەوە (نوکتە، وێنە، کۆمێنت، ڤیدیۆ، تابلۆ، ڕەمز) بۆچوونی خۆی بگەیەنێت.

کەم نین ئەو ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن و ڕادیۆیانەی کە ناچارن گفتوگۆ جۆراوجۆرەکانی سەر ئەنتەرنێتی خوارەوەی کۆمەڵگە بکەن بە بابەتی ڕیپۆرتاژو بەرنامەکانیان. کەم نین ئەو کەسایەتییانەی کە لە سەرەوەی کۆمەڵگەدا دەژین و بۆ پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ خوارەوەی کۆمەڵگەدا ناچارن دابەزنە نێو «جەنگەڵستانی» تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە! هەر لەدەرەنجامی ئەم بەریەککەوتنەی سەرەوەو خوارەوەی کۆمەڵگەشدایە کە شتێك بەناوی «کۆنترۆڵ»ەوە دروست دەبێت. گەر تا دوێنێی پێش سەرهەڵدانی ئەنتەرنێت، دەسەڵاتی کۆنترۆڵ بەتەنیا لەدەستی سەرەوەی کۆمەڵگەدا بوویێت، لە چرکەساتی ئەنتەرنێتدا ئەم هاوکێشەیە دەگۆڕێت و کۆنترۆڵ بەسەر سەرەوەو خوارەوەی کۆمەڵگەدا دابەش دەبێت؛بەو مانایەی کە چەند سەرەوە، لەڕێگای دەزگا جۆراوجۆرەکانیەوە، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی خوارەوە بدات، هێندەش خوارەوە، لەڕێگای مێکانیسمە تازەکانی ئەنتەرنێتەوە، دەتوانێت بەشێکی زۆری پراکتیکەکانی نەك هەر دیموکراسی بەڵکو تەواوی سەرەوەی کۆمەڵگەش بخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە.

ئەم چوارچێوە سیاسیانەی کۆنترۆڵی ئامادەکراو لەلایەن ئەنتەرنێتەوە، کۆمەڵگەی دیموکراتیك، بە خوارو سەرەوە، ناچار بە «پرۆسێسێك» دەکات کە دەکرێت بە شووشەیی ناوی بەرین. واتە ئیتر شتەکان (سیاسی، کۆمەڵایەتی،

ئابووری، ئایینی، ئەخلاق) ناچارن بەخۆڕووتکردنەوە، بە خۆ سەلماندن، بە خۆ نمایشکردن، بە دروستکردنی چوارچێوی شووشـــەیی بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانێت بە ئاســـانی بیانبینێت. کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ (بێگومان بەم مانایە) ئیتر کۆتایی بە بێمنەتی، بەهەمیشەیی، بە بەڵگەنەویست، بە یەکلایبوونەوەکان دێنێت و هەموو شتەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. وەزیرێك هەر بە دەستنیشانکردنی وەك وەزیر ئیتر ئەو ئەکتەرە بێمنەتە نییە کە لە باڵەخانەکانەوە تەماشای خوارەوە بکات، ئەندامێکـــی پەرلەمانی هەڵبژێردراو ئیتر ئەو ئەکتەرە نییە کە وابزانێت یارییەکە کۆتایی هاتووە، بەپێچەوانـــەوە، چرکەی دەستنیشـــانکردن یان هەڵبژاردن سەرەتای مێژووییەکی دیکەیە لە گومان، لە چاودێری، لە ڕەخنەو لە هەڵسەنگاندن. ئەمەش وا لەو ئەکتەرە دەکات کە تێبگات لەوەی هەمیشـــە لە هۆڵی تاقیکردنەوەدایە و کۆنترۆڵێکی بەردەوامی بەسەرەوەیە !

• بنەمای خێڵە نوێیەکان

بەپێچەوانەی ((خێڵە)) کلاسیکییە مێژووییەکانەوە کە چوارچێوەی سروشتی بوون و لەنێو فاکتە سروشتییەکاندا خۆیان بیناکردبوو، ((خێڵە)) نوێیەکانی ســـەر ئەنتەرنێت چوارچێوەی خوازراو هەڵبژێردراون. ڕەنگە تەنیا ڕەگەزێك کـــە ئـــەم دوو چوارچێوەیـــە پێکەوە کۆبکاتـــەوە ناوی «خێڵ»بێت، گەرنا لەهیچ هەلومەرجێکدا سنوورەکانیان تێکـــەڵ بەیەکدی نابن. گەر لە چوارچێوەی یەکەمیاندا کەسی تاك، خواستەکانی، خەونەکانی، بەرژەوەندیەکانی هیـــچ بەهایەکیـــان نەبێت، لـــە چوارچێـــوەی دووەمدا هاوکێشـــەکە بە سەدو هەشـــتا پلە دەگۆڕێت و کەسی تـــاك خۆی دەبێت بە ناوەندی بینـــاکاری خێڵ. گەر لە چوارچێوەی یەکەمدا پێوەندیی نێوان تاکەکان تا ئاستی خۆ فیداکردن لەپێناوی خێڵدا بەرزببێتەوە، لە چوارچێوەی دووەمدا ئـــەم پێوەندییە، لە بارودۆخە ئاســـاییەکاندا، لە ئاســـتێکی لاوازدایە، بەو مانایەی کە ناگاتە ئاســـتی خوێنبەخشین و خۆ فیداکردن.

بەشـــێکی زۆری خێڵـــە نوێیەکانـــی ســـەر ئەنتەرنێت دەرەنجامی «ئەنتەراکسیۆن/تەفاعول»ی نێوان شوناسی تاکەکان، چێژەکانیـــان، بەرژەوەندییەکانیان، چالاکی و خەونەکانیانە. ئەوان لەڕێگای چوارچێوەی گشتی خێڵە نوێیەکانەوە گوزارشـــت لە خۆیان دەکەن و بەشێوەیەکی دەســـتەجەمعی هەڵوێستیان لەسەر شـــتەکان دەردەبڕن. جومگەیەکـــی تازەی ئەم خێڵە نوێیانـــە بریتییە لەوەی کە ڕووتکردنـــەوەی «فەردانیەتی» تاکـــەکان دەبێت بـــە هـــۆکاری بیناکردنـــی «ئەنتەر-تەبەعیەت»ێکی خـــوازراوی کـــۆی ئەندامان. واتـــە «تەبەعیەت» بۆ خێڵ دەستنیشـــانی «فەردانیەتی» تاکـــەکان ناکات، بەڵکو «فەردانیەتی»تاکـــەکان «ئەنتەر-تەبەعیەت» دەستنیشاندەکات !

لە بارودۆخە نائاساییەکاندا دەکرێت خێڵە نوێیەکانی سەر ئەنتەرنێت، بە جۆرێك لە جۆرەکان، بەرزببنەوە بۆ ئاستی خێڵە کلاســـیکییەکان، بەتایبەتی لە بواری قوربانیداندا. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە شۆڕشـــەکانی دنیای عەرەبی بکەین. خێڵە نوێیەکانی ســـەر فەیســـبوك، لە تونس و میســـردا ڕۆڵی کارایان بینی و قوربانیەکانیان گەیشتە ئاستی خوێن و گیان بەخشـــین. لەم جۆرە بارودۆخانەدا پێوەندیـــی نێوان تاکەکان دنیای ڤیرتیـــوڵ بەجێدەهێڵێت و بەگۆشـــت و ئێســـقانەوە پێدەنێتە نێو دنیای واقیعەوە. هەروەها دنیای پاش شۆڕشـــەکانی تونس و میسر، کە دیســـان بارودۆخی نائاســـایین، ئەم خێڵانە، کە بەردەوام چاودێریی دیمۆکراسی دەکەن، ناچار دەکات بەوەی کە بـــۆ ماوەیەکی درێژتر دنیای ڤیرتیـــوڵ و دنیای واقیع پێکەوە گرێبدەن.

پاش ئەم لێکدانەوە و ڕاڤەکردنانە، ئێمە تێدەگەین لەوەی کە هەوڵـــدان بۆ کورتکردنەوەی ئەنتەرنێت و وێناکردنی تەنها وەك کەرەســـەیەکی میدیایـــی کارێکی هەڵەیە و دورە لـــە واقیعـــەوە. بەڵێ ئەنتەرنێـــت میدیایە و ڕۆڵی میدیا دەبینێت، ئەمە بەڵگەنەویســـتە. بـــەڵام لەپەنای میدیابوونیـــدا، ئەنتەرنێت هەم فۆرمی سیاســـییە و هەم فۆرمـــی کۆمەڵایەتیشـــە. ئەنتەرنێـــت بەتەنها پردی گواســـتنەوەی زانیاریەکان نییە، بەڵکو بیناکاری ژیانی سیاســـی و کۆمەڵایەتیشـــە. ئەنتەرنێت هەزاران هەزار خێزان دروســـتدەکات، هەروەك هەزاران هـــەزار خێزانیش هەڵدەوەشێنێتەوە، هەزاران هەزار مرۆڤ دەخاتە سەر کار، هەروەك هەزاران هەزار مرۆڤیش لە کار دووردەخاتەوە.

ئەنتەرنێت دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی نەك هەر سەرۆکێك، وەزیرێـــك، دەزگایـــەك، ڕێکخراوێك، کەســـایەتیەك بە هاووڵاتیان دەبەخشـــێت، بەڵکو دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی کتێبێك یان دیسکێکیشی پێدەبەخشێت (بەشێکی زۆری ئەو مەگازانەی کە کتێب و دیســـك دەفرۆشـــن، داوا لە کڕیارەکانیان دەکەن کە لەڕێگای ئەنتەرنێتەوە، ئاســـتی باشـــی یان خراپی کتێب و دیســـکی کڕراو دیاریبکەن، ئەمەش بەپێی ئەو سیســـتەمی نمرەبەخشینە لە یەکەوە تا پێنـــج کە لەســـەر ســـایتەکانیان دایاننـــاوە). واتە ئەنتەرنێت وادەکات کە کردەی هەڵســـەنگاندن دابەزێتە هەموو پانتاییەکانەوە و بەتەنیا لە ئاســـتی «ماکرۆ»دا کارنـــەکات. ڕەنگە ئەمـــەش یەکێ بێت لەو شانســـە باشـــانەی کە لەبەردەم دیمۆکراسی کوردیدایە؛ شانسی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بۆ چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن و کۆنترۆڵکردنی دیمۆکراسی کوردی لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنیەوە، لەپێناوی پاراستنی لەهەر گریمانەیەکی لادان و ڕیزپەڕی.

**لە پەنای میدیابوونیدا، ئەنتەرنێت هەم فۆرمی سیاسییەو هەم فۆرمی کۆمەڵایەتیشە. ئەنتەرنێت بەتەنیا پردی گواستنەوەی زانیارییەکان نییە، بەڵکو بیناکاری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیشە. ئەنتەرنێت هەزاران هەزار خێزان دروستدەکات، هەروەک هەزاران هەزار خێزانیش هەڵدەوەشێنێتەوە**


**خوارەوەی کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی گشتی، خاوەنی زمانێکی ئەدەبی دەربڕین نییەو ڕەنگە لە ڕستەیەکدا چەند هەڵەیەک بکات؛ بەڵام لە پێناوی ئامانجێکی دیاریکراودا، بەئاسانی دەتوانێت «تەعبیئەی» گرووپێک بکات**

**ئەنتەرنێت دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی نەک هەر سەرۆکێک، وەزیرێک، دەزگایەک، ڕێکخراوێک، کەسایەتییەک بە هاووڵاتیان دەبەخشێت، بەڵکو دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی کتێبێک یان دیسکێکیشی پێدەبەخشێت**

---

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

# هەرێمی کوردستان و عێراق ئاماژە و بژاردەکان



ئازا حەسیب قەرەداخی
بۆ هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت

(مایکڵ نایتس) هاوکار لە بەرنامەی «لیڤەر ئەنترناسیۆناڵ» لە (پەیمانگای واشنتۆن) لە وتارێکی شیکاریدا بە ناونیشانی (هەڕەشەکانی بودجەی عێراق لە کوردەکان) نووسیویەتی: لە ساڵی ٢٠١٠ـەوە کە زۆربەی زۆری دامەزراوە سەرەکییەکانی وڵات کەوتنە ژێر هەژموونی سەرەکوەزیران «نوری مالیکی»یەوە، ئیتر قۆناغ بە قۆناغ، حکومەتی بەغداد رووی لە چەمکی «حکومەت لەناو حکومەتدا» کردووە.

لەسەرینی ئەم هەڵکەوتەوە، کە ئەم حکومەتەی ناو حکومەتی فیدراڵ ئیجازەی ئیجباری دەدات بە وەزیرە کوردە خۆهەڵپەسێرەکان و ئینجا باسی پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە دەکات، سیناریۆیەك وەکو بژاردە دەخاتە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە کە تەنیا بریتیی نییە لە جێبەجێکردنی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن. بەڵکو لەوە قوڵترە و شۆڕ دەبێتەوە بۆ گۆڕینی ریشەیی لە فەلسەفەی حوکمڕانی لە عێراقی نوێدا. ئەو فەلسەفەیەی لە بری دیکتاتۆری و پەراوێزخستن، زەوینەی (هاوبەشیی ـ شراکەت)ی لە حوکمڕانیدا دامەزراندووە. تەنانەت ناگوترێ بەشداری (مشارکە)، بەڵکو دەگوترێ شەراکەت. لە نێوانی ئەو دووەشدا جیاوازی بونیادی هەیە.

**هاوبەش یان بەشدار**

حوکمڕانیی هاوبەش هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان تێیدا هاوبەشن بە هەمان شەرعییەت. ئەمەیان حکومەتی زۆرینە و کەمینە نییە، بەڵکو حکومەتی پێکهاتەکانە بە سازانی نیشتمانی.

حوکمڕانی بەشداری، حکومەتی ئەو حزبەیە کە بەهۆی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانەوە دەتوانێ بەتەنیا حکومەت دروست بکات یان بۆ پڕکردنەوەی رێژە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەندێ حزبی دیکە دەکات و بەشدارییان پێ دەکات لە حکومەتەکەدا. کەواتە ئەمەیان حکومەتی نوێنەرایەتیی ئەحزابە نەك پێکهاتەی ئیتنی و نەتەوەیی.

جا کە تیمەکەی مالیکی دەیانەوێ حکومەتی زۆرینە دروست بکەن، واتە یەکەم هەنگاوی گەڕانەوە دەنێنن بۆ حکومەتی بەشداری (حکومەتی حزبی زۆرینە و حزبە بەشدارەکان لەگەڵیدا) و دوای ئەوەش قۆناغ بە قۆناغ دەگەڕێینەوە بۆ حکومەتی (نەتەوەیەك یان مەزهەبێکی زاڵ) و پەراوێزخستنی هەموو پێکهاتەکانی دیکە. ئەمەیش گەڕانەوەیەکی زەقە بۆ شێوازی حوکمڕانی و سستمی سیاسیی نەخوازراو کە تا رووخانی بەعس لە عێراقدا پەیڕەو کراوە و بەو هۆیەوە هەمیشە کورد و شیعە پەراوێزخراون.

**بژاردەکانی هەرێمی کوردستان**

بەم لۆژیکە هەرێمی کوردستان هیچ رێیەکی لەبەردەمدا نییە لە غەیری ئەوەی بە (هاوپەیمانی نیشتمانی) راگەیەنێ کە هەم حکومەتی زۆرینە، هەم حکومەتی موشارەکە رەت دەکاتەوە. لەو حاڵەتەشدا ئەم بژاردانە هەن:

یەکەم: لەسەر بنەمای دەستوور حکومەتی هاوبەش دروست بکرێتەوە.

دووەم: یان بەشێوەیەکی ئاشتییانە هەرێم و بەغداد لێکجیاببنەوە.

سێیەم: یان بەشەڕ لێك جیاببنەوە.

**ئاماژەکان**

لە وەڵامی ئەم بژاردانەدا، دوو ئاماژەی ناکۆك لە ئارادان:

یەکەم: هاتنی وەفدەکانی هاوپەیمانیی نیشتمانی و پەیامەکانیان کە نەهی لە شەڕ دەکەن و چارەسەرکردنی ئاشتییانە دووپات

دەکەنەوە.

دووەم: لە شارەکانی شیعەنشیندا، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا رای گشتی لە دژی کورد جۆش دەدرێ.

## ئاماژەی یەکەم و نیازپاکی

بۆئەوەی گوتاری ئاشتەوایی ببێتە هەڵکەوتێکی سیاسی کە بەشێك لە متمانە ببەخشێتەوە بە هەرێمی کوردستان، پێویستە حکومەتەکەی مالیکی چەند هەنگاوێك وەکو نیشاندانی نیازپاکی بنێت.

گرنگترین هەنگاوەکانی نیازپاکیش لە حاڵی حازردا بریتین لە:

١- هەڵوەشاندنەوەی ئۆپەراسیۆنی دیجلە و جەزیرە یان لانی کەم کشانەوە و چوونە دەرەوەیان لە هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

٢- هەمواركردنی یاسای بودجە کە پڕیەتی لە ناهەقی بەرامبەر هەرێمی کوردستان و لە راستیدا بریتییە لە یاسای سزادانی هەرێم.

لە بارەی یاسای بودجەی عێراقەوە (مایکڵ نایتس) دەڵێ: ئەو شێوازەی ئەمساڵ پەیڕەوکرا بۆ تێپەڕاندنی بودجە، گوزارشت لەو حاڵەتی داتەپیو و مەترسیدارە دەکات کە یەکێتی عێراق دووچاری بووە.. لەو بودجەیەدا تەنیا ٦٤٦ ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە بۆ خەرجی ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێمی کوردستاندا لەبواری نەوت و گازدا ئیش دەکەن. ئەم بڕە پارەیە بەشی خەرجی کەمتر لە دوومانگ کارکردن دەکات لەبەرامبەر ئەو بڕە نەوتەی بۆ هەرێم دانراوە بینێرێتە دەرەوە.. کەواتە دەرەنجام هەرێمی کوردستان ناتوانێ رۆژانە نزیکەی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکات.

نموونەیەکی دیکە لەو یاسایەدا (مادەی ١٠)یە کە پاساوی زۆر بۆ حکومەتی ناوەندی دەهۆنێتەوە تا رێی پێ بدات سزای هەرێمی کوردستان بدات و بودجەکەی ببڕێت. بۆ نموونە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕە نەوتەی لە ئەستۆیەتی هەناردەی دەرەوەی بکات و بریتییە لە ٢٥٠ هەزار بەرمیل رۆژانە، نەیتوانی بەرهەمی بهێنێ و هەناردەی بکات، ئەوا حکومەتی بەغداد مافی ئەوەی هەیە ئیتر بودجە بۆ هەرێم نەنێرێ (کە حکومەتی بەغدا خەرجی کۆمپانیاکان دابین نەکات و ئەوەی تەرخانی کردووە تەنیا بەشی کەمتر لە دوو مانگ بکات، کەواتە حکومەتی هەرێم ناتوانێ ٢٥٠ هەرزار بەرمیلەکە رۆژانە بەرهەمبهێنێ، کەواتە ئۆتۆماتیکی حکومەتی بەغدا دوای دوو مانگ بۆی هەیە بودجەی هەرێم ببڕێت).

هەروەها حکومەتی ناوەندی لە حاڵەتێکی دیکەیشدا ئەگەر هەولێر پابەند نەبوو بە نەخشەکانی بەغدا لە بواری هاتوچۆی ئاسمانی و فریکوانسی پەیوەندییەکان و هێڵەکانی کارەبا و تەلەفۆنەوە، ئەوا مافی ئەوەی هەیە بودجە لە هەرێم ببڕێت.

(نایتس) لە وتارەکەیدا دەڵێ ئەگەر ئەم سزایانە جێبەجێ بکرێن ئەوا لە رووی ئابوورییەوە، حکومەتی بەغداد (حکومەتی هەرێم دەخنکێنێ). ئەوسا تورکیا دێتە سەر خەت و نەوتی هەرێم بەبێ رەزامەندی و گەڕانەوە بۆ بەغداد، هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکات. بەواتایەکی دیکە ئەگەر کوردەکان بەردەوام بزانن حکومەتی بەغداد سزایان دەدات و هەوڵی خنکاندیان دەدات و هیچ پشتیوانییەکی ئابووری نەماوە بۆ مانەوە وەکو بەشێك لە عێراق، ئەوسا دەشێ، بەقەولی ئەو توێژەرەوەیە، شەڕ لە نێوانی هێزەکانی حکومەتی فیدراڵ و هێزەکانی حکومەتی هەرێمدا روو بدەن. ئەمەیش کاریگەری نەرێنی ئاشکرای لەسەر یەکێتی عێراق دەبێ.

٣- هەنگاوی سێیەمی نیازپاکی دانانی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکانی نێوان بەغداد و هەرێمە لەبارەی: ماددەی ١٤٠، رێککەوتنی هەولێر بۆ دامەزراندنی حکومەتی سازان و شەراکەت، بودجە و پڕچەك کردنی پێشمەرگە و یاسای نەوت و گازەوە هەن. بەواتایەکی دیکە نابێ هەولێر و بەغداد بگەڕێنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و لەبارەی ئەم پرسانەوە رێککەوتن بکەن. بەڵکو رێککەوتن کراون و ئێستا دەبێ جێبەجێ بکرێن.

## مەترسییەکانی ئاماژەی دووەم

ئاماژەی دووەم: لە شارەکانی شیعەنشیندا، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا رای گشتی لە دژی کورد جۆش دەدرێ. دروشم و بەرنامەی دژی کورد دەگووترێنەوە. لە کاتێکدا دەنگی دەنگدەرانی عەرەب لە عێراقدا دابەشبووە. سوننەکان دەنگ بەو حزب و کەسایەتییانە دەدەن کە نوێنەرایەتیی مەزهەبی و ئایدیۆلۆژیان دەکەن. شیعەیش بۆ شیعە. کەواتە جۆشدانی رای گشتی شیعە لە دژی کورد جگە لەوەی هیچ پاساوێکی نییە، هەروەها هیچ لەم دابەشبوونەیش ناگۆڕێ و وا ناکات سوننە دەنگ بە حزب و کەسایەتی شیعە بدات. لەوانەیە تەنیا سوودێکی هەبێ ئەوەیش ئەوەیە کە پارسەنگی هێز لە نێوانی لایەنە شیعەکان خۆیاندا بگۆڕێ. ئەمەیش هیچ گەرەنتی تێدا نییە کە دەرەنجامەکەی ئەرێنی و باش بێ، چونکە لەگەڵ جەوهەری فەتوایەکدا کە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا مەرجەعی شیعە بۆ نەهی کردن لە شەڕی کورد داویەتی تەواو ناکۆکە و مەحاڵە ئێستا هیچ مەرجەعێك پێچەوانەی ئەوە فەتوا بدات و ئەم جۆشدانە بکاتە پێدراوێکی سیاسی براوە لە ململانێی نێوان شیعەکاندا.

ئەم جۆشدانی شیعەیە دژی کورد کە هیچ سوودی نییە، بەڵام مەترسییەکی گەورەیە لە رووی ئەوەوە کە ئەگەرەکانی گەڕانەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی شەراکەت کەم دەکاتەوە. چونکە شەریکەکان نابێ گیانی دژایەتی لەنێوانیاندا هەبێ. هەروەها مەترسییە لەو حاڵەتەدا ئەگەر نەتوانرا پێکەوە بن، نەشتوانن بە ئاشتیانە لێکجیا ببنەوە. ئەوسا ئەم جۆشدانە سیاسییە بگۆڕدرێ بۆ جۆشدانی مەیدانیی و سەربازیی و دەرگا لەسەر شەڕ بکاتەوە.

## تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەواندایە

لای بەشێکی دەستڕۆیشتووی ناو هەوپەیمانیی نیشتمانیی، باس باسی حکومەتی زۆرینەیە.. بودجەیان وەکو یاسا بۆ سزادانی هەرێمی کوردستان تێپەڕاند.. لە شەقامدا جۆشی خەڵك دەدەن بە دروشم و وتاری دژی کورد. بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەیشەوە هاوکات جموجۆڵ و بزاوتی سیاسیان هەیە بۆ گفتوگۆ.

واتە هەم ئاماژەی مەترسیدار و هەم ئاماژەی ئەرێنیان هەیە.

هەرێمی کوردستان لە رێی سازانێکی نیشتمانی ناوخۆییەوە هەمیشە دەرگاکانی بەسەر بەغداد و پرۆسەی سیاسی و هاوپەیمانی نیشتمانیدا بە کراوەیی هێشتۆتەوە. پێشنیاز و بژاردەکانی خستۆتە بەردەمیان و داوای لێ کردوون بە چەند هەنگاوێکی نیازپاکی دەست پێ بکەن.

کەواتە تۆپەکە لە گۆڕەپانی هاوپەیمانی نیشتمانیدایە.

ئایا یاریزانی وەهایان تێدا هەڵکەوتووە ئەم گەمەیە بە دروستی بکات و هەموو لایەك بگەیەنێتە کەناری ئارام؟!


وأمرهم شورى بينهم
مجلس النواب
ئەنجومەنی نوێنەران




## دانوستان و دیالۆگەکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان پێویستیی بە نیەت پاکی و هەنگاوی کردەیی هەیە

# پێشێلکردنی بنەمای شەراکەت.. عێراق بەرەو هەڵدێر دەبات

دانوستان و دیالۆگەکانی ئەم دواییەی نێوان شاندی هاوپەیمانی نیشتمانی و لایەنە کوردستانییەکان رێگە چارەیەکی باشە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان، ئێستا باس لەوە دەکرێت لەدوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان شاندی هاوپەیمانێتی کوردستان بۆ تەواوکردنی دانوستانەکان بچێتەوە بەغدا، بۆ قۆناغی داهاتووش پێویستە حکومەتی عێراق و لایەنی هاوپەیمانی نیشتمانی بەمەبەستی گەڕانەوەی متمانە هەنگاوی عەمەلی بنێن، تاوەکو دانوستانەکان بەردەوام بێت و وەزیرو نوێنەرانی هاوپەیمانی کوردستانیش بۆ بەغدا بگەڕێنەوە، بەڵام بانگەشەکردنی بۆ حکومەتی زۆرینەی سیاسی، ئەو شەراکەتی نیشتمانییە لەناو دەبات کە پرۆسەی سیاسی عێراقی لەسەر بونیاتنراوە .

سەبارەت بەو کێشەو گرفتانەی کە ئیستا لەنیوان هەریم و بەغدا هەن مەحما خەلیل پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستانی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کێشەی ئیمە ئەوەیە هەتا ئیستا بەریز مالیکی پابەندنەبووە بەو ریککەوتنانەی کە لە چوارچیوەی دەستوردا گرێدراون لەمبارەوە و لەلیدوانیکی تایبەت بۆ گوڵان وتی : (سەرۆك مسعود بارزانی سێ خاڵی دەست نیشانکردووە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، یەکەمیان پابەندبوونە بەدەستوور،دووەم عێراق دەوڵەتی شەراکەتە نەك لەسەر بنەمای ژمارەو رێژەی دانیشتوان و پێکهاتەکان، سێیەم ئەوەیە کە عێراق بە تەوافوق بەرێوە دەچێت چونکە هەموو ماددەکانی دەستوور بە تەوافوق دانراون، ئەم بنەمایانە عیراق دووردەخەنەوە لە دیکتاتۆریەت، کاتێکیش کورد هاوپەیمانیی لەگەڵ شیعەدا کرد مەبەستی هەڵتەکاندنی بنەمای دیکتاتۆریەت بوو لە عێراق لەسەر ئەم بنەمایەش بەشداریی لە داڕشتنی دەستووردا کرد، بەڵام



فەتاح داراغایی بۆ (گوڵان):

## کورد دەیەوێت هاوپەیمانی نیشتمانی بە کردەوە پیشانی بدات کە نیازی پاکەو مەبەستییەتی چارەسەری گرفتەکان بکات



حوسێن عەلوان بۆ (گوڵان):

## قسەکردن لەسەر زۆرینەی شیعەگەری عێراق بەرەو هەڵدێرو ئایندەیەکی ترسناک دەبات



مەحما خەلیل بۆ گوڵان:

## پابەندبوون بەدەستوور، پیادەکردنی بنەمای شەراکەت و تەوافوق، کیشەکانی عیراق چارەسەر

هاوپەیمانی نیشتمانی هیچ هەنگاوێکیان بەرامبەر بە کورد نەهاویشـــتووە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و یاسای نەوت و غازو پێشمەرگە،نموونەیەکی دیکە کە بینیمان بوودجەی ئەم ســاڵ بــە تەوافوق تێنەپەڕێنرا بەڵکو بــۆ پرۆپاگەندەی هەڵبــژاردن تاکڕەوانەو بێ ڕەزامەندیی لایەنی کوردســـتانی لەســـەر بڕگەکانی دەرچوێنرا،ئەمڕۆ یان ســبەی کۆبوونەوەیەکی لایەنە کوردســـتانییەکان دەکرێــت بۆ باســکردنی وەڵامی هاوپەیمانیی نیشتمانی لەسەر نامەکەی هاوپەیمانیی کوردستانی، ئێمە دەمانەوێت ئەوان پابەندبن بە ڕێزگرتن لە ڕێکەوتننامەی هەولێر و پۆستی سیادی و ئەمنی و یاســاکانی وەکو نەوت وغاز و پێشــمەرگەو ١٤٠ و پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزیران و زۆر شــتی دیکە،کە لە ڕێکەوتننامەکــەی هەولێر خودی مالکــی ئیمزای لەســەر کردبوو،بەڵام لــە ماوەیەی رابردوودا پابەند نەبوو بە جێبەجێکردنی هیچ خاڵێکی ئەم ڕێکەوتننامەیە)).

ئەو حالەتەی کە پەرلەمانتارەکەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ئاماژەی پیدەکات، لایەنەکانی دیکەش لە عیراقدا هەشــتی پێدەکەن و دەزانــن پابەندنەبوون بەو بنەمایانە ئایندەی عیراق دەخاتە مەترسییەوە، لەمبارەوە حوسێن عەلوان پەرلەمانتاری عێراق لەکوتلەی ئەحرار کە پێشــتر لەچەندین بۆنەدا ئامــاژەی بەوەدا بوو کە بارودۆخەکــە بــەرەو خاوبوونەوە چارەســەر هەنگاو دەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری گوڵان قسەکانی ســەرۆك وەزیرانی لەمەڕ زۆرینەی سیاسی بەمەترسی وەسف کردو وتی: ((من پێم وایە پێویستە پرۆســەی شەراکەت بەردەوام دەبێت، جێی داخیشــە ســەرۆك وەزیرانی عێراق قسە لەسەر تایفەگەریی دەکات و بانگەشــەی زۆرینەی سیاسی دەکات، شــەراکەت پێویستە بۆ هەمووان بێت و هەموو لایەنێك بەشداری تێدا بکات، من لەو بڕوایەدام قسەکردن لەسەر زۆرینەی شیعەگەری و زۆرینەی سیاسی، عێراق بەرەو هەڵدێری ترسناك دەبەن و داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەم لەم موزایەدانە دووربکەونەوە کە ئاگری تایفییانە خۆشــتر دەکات و کێشــەی زیاترمان بۆ دەخوڵقێنێت. هەربۆیە واباشــترە لەدەســتەواژەو زاراوەی (شیعی و کوردی و ســوننە) دووربکەوینەوە، ئێمە رۆڵەی یەك وڵاتین، بارودۆخەکەش لــەرووی پێوەندییەکانەوە بەرەو خاوبوونەوەو چارەسەر هەنگاو دەنێت، تەنانەت لەیەکەم کۆبوونەوەدا هاوپەیمانی کوردستانی مەرجەکانی خۆی خستەڕوو، لەبەرامبەریشدا حکومەتی ناوەند پێشوازی لەو داواکارییانە کرد، کــە مایەی بەدیهێنانن چونکە داواکاری شەرعی و یاسایین و هیچ گومان و کێشەیان لەســەر نابێت . جیاوازییەکان بەدانوستان و دیالۆگ چارەسەر دەبێت، گوتاری کوتلەی ئەحرار بەسەرۆکایەتی سەماحەتی موقتەدا سەدر روون و ئاشکرایەو جیاوازی ناکات لەنێوان کوردو شیعەو سوونە، هاوپەیمانێتی نێوان کوردو شــیعەش زۆر کۆنەو ناکرێت هەرگیز لەســەر ئەمە ناکۆك بین، کێشەو ناکۆکییەکانیش بەدیالۆگ و دانوستاندن چارەسەر دەبێت)).

جەختکردنەوە لەسەر چارەســەری کێشەکان پێویستی بەهەنــگاوی کردارییــە، بۆیە کاتیك ئــەم هاودژیە هەستی پێدەکرێت ئاسۆی چارەسەری کێشەکان قورس دیتە بەرچاو لەمبارەوە فاتح دارۆغایی پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئســلامی لە پەرلەمانی عیراق لە لێدوانێکی تایبەتــدا بە گوڵانی ڕاگەیانــد: ((بە بۆچوونی من ئەو گرفتەی کە هەیە لە نێــوان حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی ناوەنــددا،زۆر ئاڵۆزەو کاتی زۆری دەوێت بــۆ چارەســەرکردن،بۆیە لە نامەکەی کوردیــش داوای زەمانەت و نیازپاکی کراوە،لە قســە تێربووین بە کردار کورد دەیەوێت ئەم جارە،دەوڵەتی یاسا بە کردار پیشانی بدات کە نیازی پاکەو مەبەستییەتی چارەســەریی گرفتــەکان بکرێت بــە بۆچوونی من چارەســەری گرفتــەکان هەروا ئاســان نییە و کاتی زۆری دەوێت،لە راســتیدا گەشبین نیم بە چارەسەریی ریشەیی)).

بەڵام ئەنجوومەنی بالای ئیسلامی بە پشت بەستن بەو هاوپەیمانیە مێژووییەی لەنیوان کورد و شــیعە هەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دوای ســەردانی وەفدەکەیان بــۆ لای بەریز مســعود بارزانی ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان باردۆخەکە بەرەو هیور بوونەوە دەچیت، بۆ ئەمەش عەبدولحوســین عەتبان پەرلەمانتاری لیستی ئەنجوومەنی باڵای ئیســلامی لە پەرلەمانی عیراق ســەبارەت بەم لایەنە بەمجــۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خســتە روو: ((ئەو هەوڵانەی کە بــۆ هێورکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشــەو ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی ناوەند لەئارادان زۆر چاکن، ئێمەش وەکــو هاوپەیمانیی نیشــتمانی حەز دەکەین ئەو کێشــانە بەزووترین کات یەکلایی ببنەوە، تەنانەت هاوپەیمانیی لەو شــاندەدا هەبوو کە بۆ دیداری بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتبوونە هەولێر و لەگەڵ کۆتایهاتنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان چاوەڕوان دەکرێت دانوســتاندنەکان دەستپێ

بکەنــەوە بۆ چارەســەری ناکۆکییــەکان . ئێمە وەکو ئەنجومەنی باڵا لەداهاتوودا هەر وەکو ئێســتا لەسەر گفتوگــۆکان بــەردەوام دەبین، ئەگــەر ببچڕێن ئەوا کێشەکان هەروەکو خۆی بێ چارەسەرکردن دەمێنێتەوە و لەتوانادا نابێت ئایندەیەکی گەشــەدار بۆ عێراق بێنینە ئاراوە . هەروەها ئێمە وەکو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی سوورین لەســەر پاراســتن و درێژەپێدان و پەرەپێدانی هاوپەیمانێتی نێوان کورد و هاوپەیمانێتی نیشــتمانی، هەروەکو چەندین جار لەزاری بەرێز مســعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبەردەوام تەئکید لەسەر ئەم هاوپەیمانێتییە دەکاتەوە.))

هــەر ســەبارەت بە پەیوەنــدی نێــوان هاوپەیمانێتی کوردســتانی و هاوپەیمانێتی نیشتمانی عەبدولعەباس حەمــود پەرلەمانتــاری دەوڵەتی یاســا بەگۆڤاری گوڵانی راگەیاند: ((پەیوەنــدی نێوان هاوپەیمانێتی کوردســتانی و هاوپەیمانێتی نیشتمانی ستراتیژیی و مێژوویی‌و رایەڵەی هاوبەشــیان بەیەکەوە هەیە، بۆیە هەردوو لا پابەندن بەم پەیوەندی و هاوپەیمانێتییە و کار بۆ پەرەپێدان و بەرەو پێش بردنی دەکەن، هەروەها لەنێوان هەردوو حزبی کوردی (پارتی و یەکێتی) و ئەنجومەنی باڵای ئیســلامی و حزبی دەعــوە رێکەوتنێکی چوار لایەنە هەیە، ئەم رێکەوتنە رەنگە جاربەجار بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم قەیرانەو بارودۆخەی ئێستای عێراقەوە، بەڵام لەرووی یاساییەوە هەر بەردەوامە، هاوپەیمانێتی کوردســتانی هەڵوێســتی دلێرانەی هەبوو لەئاســت هاوپەیمانێتی نیشــتمانی لەحەوانەوەو کاری هاوبەش، مێژوو ئەمە لەبیر ناکات، ئێمە هەردوو لامان ماوەیەك ئۆپۆزسۆن بووین و ئێستا لەدەسەڵاتداین، ئەوەی خاوەنی ئەم پێوەندییە مێژووییە بێت دەبێت پارێزگاری لێبکات و پەرەیان بدات، چونکە ئەم پێوەندییە لەخۆڕا نەهاتووەو قوربانی زۆری لەپێناودا دراوە . ئێستاش ناکۆکی نێوان هاوپەیمانێتی کوردســتانی و هاوپەیمانێتی نیشتمانی زۆر ئاڵۆز نین و هەردوو لا دەتوانن بگەنە چارەسەرێك کــە مایــەی رەزامەندییان بێت لەمەشــدا هەردوو لا گەشبینن لەدانوستاندنەکان)) .

ئەو لێدوانانە ئیجابیانە جیا لەوەی جۆریك لە گەشبینی بۆ چارەســەری کێشەکان دروست دەکات، لەهەمانکاتدا ئەو راســتییەش دەخاتــەروو کە لایەنی کوردســتانی، دیالۆگ و دانوســتاندن بەتەنیا رێگەی راست دەزانێت بۆ چارەســەری کیشەکان، ســەبارەت بەم لایەنە دیندار دۆسکی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عیراق لــە لیدوانیکی تایبەت بە گوڵان بەمجۆرە لەســەر ئەم لایەنە هەڵوێســتەی کردو گووتی: ((ئێمە هەر لەگەڵ ئەوەداین کە کێشــەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن بۆ ئێمەو بۆ ئەوانیش چاکترین رێگەیە،بەڵام دانووستانێکی جیــددی بەتایبەتیش دوای هاتنی شــاندی ئەوان بۆ هەرێمی کوردستان و رۆیشتنی شاندی ئێمەش بۆ بەغدا کەشوهەوایەکی ئیجابی هاتەئاراوە،هەردوولاش ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە چارەســەری کێشــەکان بکەن،بەڵام هەندێ کێشــە هەن پێویســتیان بەکاتەو هەندێکیشیان هەرئێستا دەتوانرێت بە بڕیار چارەسەربکرێت،بەڵام دەبێت بۆ دووپاتکردنەوەی نیازپاکییــان هەندێ هەنگاو بنێن لەوانە کێشەی پرۆسەی ئۆپەراسیۆنی دیجلە و دۆسێی ئەمنی کەرکوك و ناوچەکە،بڕیاری ١٤٠ و هەمواركردنی بڕگەکانی یاسای بوودجەی ٢٠١٣ هەروەها ئەکتیڤکردنی شەراکەت کە پێشتر رێکەوتن هەبوو لە نێوان هاوپەیمانیی کوردستانی و هاوپەیمانیی نیشتمانی کە هەر گرفتێك هەبێت دەبێت بە تەوافوق چارەســەر بکرێت،کەئەمەش هاندەرێــك دەبێت بۆ گەڕاندنــەوەی نوێنەرانی کورد و وەزیرەکان بۆ بەغدا،ئێســتا ئەوان نامەیەکیان ناردووە کە دەکرێــت ببێتە بەیاننامەیەکی سیاســی لای هەردوولا دەربچێت کە پێداگرییە لەســەر پابەندبوون بە دەستوور و بنەماکانی پرۆســەی سیاســیی کە عێراقی تازەی لەسەر دامەزراوە ئەویش شەراکەتی راستەقینەو تەوافوق و هاوســەنگییە،دوای ئەوەش پێشــنیارمان کردووە دوو لیژنە پێــك بێت ئەویش لیژنەی ئەمنییە کە تایبەتە بە ئیدارەی ئەمنی لــە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠هەروەها فەرماندەیی دیجلە دەســت لەکاروباری لیژنەی ئەمنی وەرنــەدات لەوناوچانە،لیژنــەی دووەمیــش لیژنەی داراییە کە دەســت بەکاربێت تاکو پێشــنیاری پرۆژەی هەمواركردنی بوودجە لە ئەســتۆبگرێت بە رەچاوكردنی بیروبۆچوونی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەکەدا،بەتایبەتی لە مەسەلەی کۆمپانیاکانی نەوت و پێشمەرگەو سزاکان کە ناکرێت بخرێتە نێو یاسای بوودجەوە،دواتر بۆ هەموو کێشــەکان لیژنە لەهەردوولا دروست بکرێت،بۆیە دوای دەســت بەکاربوونی هەردوو لیژنەکەی ئەمنی و دارایی دەکرێــت بارودۆخەکە ئاســایی بکرێتەوە،ئەوکاتە وەزیر و نوێنەرە کوردەکان بگەڕێنــەوە، لەبەرئەوە چاوەڕوانی بڕیارو ئەنجامــی کۆبوونەوەکانی لیژنەکان دەکەین. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئارادەیەك بڵێم گەشبینم بەوەی بارودۆخەکــە بەرەو هێوربوونــەوە دەچێت، بەڵام ئەمەش بەوئاســتە نییە کە بڵێم هەموو کێشــەکان چارەســەر دەکرێن،هەندێکیــان ئاڵــۆزن و پێویســتییان بە کات و بڕیاری سیاسی هەیە)).



دیندار دۆسکی بۆ (گوڵان):

**رێگەی راست بۆ چارەسەری کێشەکان دانوستاندن و وتوێژە، بەڵام دەبێت نیەت پاکی هەبێت و هەنگاوی کردەی بنرێت**



عەبدولحسێن عەبتان بۆ (گوڵان):

**ئەگەر لەدانوستان و دیالۆگەکان ببچڕین کێشەکان هەروەکو خۆی بێ چارەسەر دەمێنێتەوە و لەتوانادا نابێت ئایندەیەکی گەشەدار بۆ عێراق بێنینە ئاراوە**



عەبدولعەباس حەمود بۆ (گوڵان):

**حکومەتی شەراکەت سەرکەوتوو نییە و پێویستە بەدوای ئەڵتەرناتیڤی دیکەدا بگەڕێین کە حکومەتی زۆرینەی سیاسییە**

# دیکتاتۆریەت خۆ نوودکتەڤە ل ئیراقێ!



محمەد شەریف سندی*

بۆ گولان دەنڤیسیت

رۆژ بۆ رۆژێ رەوشا ئیراقێ بەر ب خرابییێ ڤە دچت و کەسەک نزانت کا دوماهیا ئەڤی وەلاتی دێ گەهت کیڤە. بەلێ ترسا مەزن ئەوە کو هندی دچت سەرۆک وەزیر دەستهەلاتدارییا خۆ بەرفرەهتر لێ دکت و بەر ب دیکتاتۆریەتێ ڤە دچت. گەلەک کەس یان تاگیرێن وی دبێژن کو مالکی ب رییا دەنگا بوویە سەرۆک وەزیر و شەرعیەتا خوە ژ خەلکێ وەرگرتیە. راستە کو ئەو سەر ب لیستەکا سیاسی ڤە یە و ئەندام د پەرلەمانێ ئیراقێ دا هەنە، بەلێ ئەڤ چەندە نابت کو ببت سەدەما هندێ کو مالکی تاکرەوییێ د حوکمڕانییا خوە دا بکت. ئەگەر ئەم ل دیرۆکێ بزڤرین دێ بینین کو ئادولف هێتلەر، سەرۆکێ ئەلمانیا نازی، ژک کەسەک بوو کو ب دەنگێ خەلکی هاتبوو سەر دەستهەلاتێ و بتەوافق ببوو سەرۆک وەزیر. بەلێ پشتی هاتنا وی بۆ سەر دەستهەلاتێ، ئەوی دەست ب مەلهەزێت خوە کر. پشتی چەندەکێ ئێدی کەسەکی نەشیا کو بەرهنگاریا وی بکت، ئو ئەو بوو دیکتاتۆرەکێ ترسناک و بوو سەدەما کوشتنا ملیۆنا کەسان ل دونیایێ. لۆما هاتنا کەسەکێ بۆ سەر دەستهەلاتێ ب رییا دەنگا نە گەرەنتیە بۆ هندێ کو ئەو کەس نەبتە دیکتاتۆر. ئەگەر کەسەک ل دەست پێکێ بەرهنگاریا ئەڤان کەسا نەکت ئێدی دێ بت دەرەنگ و وەلات دێ بەر ب پاشەڕۆژەکا نەدیار ڤە چت.

ئەگەر ئەم دیڤچوونەکێ ل دەستپێکا هەر دیکتاتۆرەکێ بکین، دێ بینین کو ئەو کەس ل جهەکێ، یان ب کریارێن بچیک دەستپێکرییە. هەر گوهۆڕینەک یان هەر کارەکێ وی کری، کەسەک دژی وی نە رابوویە، لۆما ئەوی شیایە کو ببتە مرۆڤەکێ تاکرەو یان دیکتاتۆر، چونکی کەسەک نینە ل دونیایێ کو د رۆژەکێ دا یان د ماوەکێ کێم دا بشێت کو دەستهەلاتا خوە بهێز بێخت، یان وەکی دبێژن کەسەك ب پلەکێ ناچت سەرێ ملەکێ. مالکی هەمان ستراتیجی بکار ئانییە. ئەوی پچ پچە دەست بهێز کرنا دەستهەلاتا خوە کرییە و ل ڤان چەند سالێن دوماهییێ ئەوی شیایە کو پۆستێن بلند بدتە تاگیرێن خوە داکو بشێت هەمی دەزگەهێن ئەمنی و سیاسی و عەسکەری و دارایێ کونترۆل بکت.

وەکو هەرکەسەک دزانت کو مالکی ژ دەنگدانێت ٢٠١٠ێ وەرە، کارێ هندێ دکت کو ب هەر رەنگەکی بت خوە لسەر کورسییا دەستهەلاتێ بهێلت. پشتی دەنگدانا ٢٠١٠ێ، د دەمێ هەشت هەیڤا دا کەسەکی نەشیا کو حکومەتەکێ دامەزرینت، ژبەر کو لیستا شیعی یان مالکی قەبول نەدکر کو کەسەک ژ لیستا ئەلعراقیە پوستێ سەرۆک وەزیری وەربگرت. ئەو بوو کو کورد یانکو شەخسێ سەرۆک بارزانی کەتن دناڤبەرا ئەوان هەردۆ لیستێن عەرەبی دا و بوون سەدەما دامەزراندنا حکومەتەکا تەوافقی ب مەرجەکی کو ئەو حکومەت لسەر بنسترا هەڤپشکیا هەمی ئالیێن سیاسی بت. وەکو دیار مالکی ئەو سۆز و پەیمانێن کو وی واژۆ کربوون ل هەڤهاتنا هەولێرێ، هەر بۆ هندێ بین کو بەس خوە پێ بگەهینت سەر کورسییا دەستهەلاتدارییێ، نە کو ژبۆ چارەسەرکرنا گەلشێن ئیراقێ بوو. بەلێ کارێ ژ هەمییێ خرابتر ئەوە کو هندی دچت سەرۆک وەزیر قەتلازیێن مەزنتر پەیدا دکت داکو بشێت درێژترین وەختی لسەر دەستهەلاتدارییێ بمینت.

هەر ژ دەستپێکا دوبارە هاتنا مالکی، وی پلانێن مەزن هەبینە، ژ وانا، کرینا لایەنگەرا بۆ خۆ. نڤیسنگەها سەرۆک وەزیری

ل سالا ٢٠١١ ێ شەش ملیار دۆلار خەرج کرینە، بێ کو ئەو پارە بێنە ئاشکەرا کرن کا کیڤە چوونە، یانکو گەلەک ژ ئەڤی پارەیی هاتینە مەزاختن ژبۆ هندێ کو خەلکێ و تاگیرا بۆ خوە پێ بکڕت. بێگومان ئەڤ کارە دژی پرەنسیپێن دیموکراسیێ نە، ئانکو تو پارێ دەولەتێ د بەرژەوەندیا خوە یا تاکی دا بکار بینی.

هەروەسا مالکی گەلەک ئەفسەرێن بەعسی ئەوێن کو دەست د کوشتنا خەلکێ ئەڤی وەلاتی هەبوونە ڤەگەڕاندن ناڤ لەشکەرێ ئیراقێ، بێ کو ئەو پرسێ ژ کەسێ بکت. چ پێنەڤێت ئەڤ ئەفسەرەنە دێ بنە خوەگرێ مالکی و هەر تشتێ کو ئەو بێژت، دێ هێتە پێکینان ژ لایێ ئەوان ئەفسەرا ڤە. سەرۆک وەزیر دێ وان د ناڤ لەشکەرێ ئیراقێ دا بکار ئینت و ب ئەوان دێ شەڕی دژی لایەنێن سیاسی کت، هەر گاڤەکا ئەوی خواست.

دهەمان دەمی دا مالکی گەلەک ژ وان ئەفسەرا پۆستێن سەروکێن هێزێن لەشکەری دانە دەست و ئەو هاتینە بەلاڤ کرن لسەر هەموو پارێزگەها کو قیادا لەشکری و ئەمنی ل وان پارێزگەها بکن. ب دیتنا مالکی ئەو ب ڤی رەنگی دێ سیستەمەکا ئاسایشیا بهێز درست کت، داکو کونترۆلا هەمی ئیراقێ بکت. وەکو دیار مالکی ب ڤی ئاوایی جارەکا دی دێ سنترالیزمێ ل ئەڤی وەلاتی بهێز ئێخت. بەلێ ئەوی ئەو چەند هەمی ژ بیر کریە کو خەلکێ ئیراقێ ل بەر سها پەرگالا سەنترالیزمێ گەلەک مال وێرانی دیتیە و ئەڤرۆ د ڤێ رەوشێ دایە. هەروەکو سەرۆک وەزیر ناخوازت کو بزانت کو ئیراق لسەر بنسترا فیدرالیزمێ هاتیە دامەزراندن و گەلەک قوربانی د ئەڤێ رێ دا هاتینە دان، داکو ئیراق ببت وەلاتەکێ دیموکرات.

وەکو خویایە کو مالکی ب هێزا ئەفسەرێن عەسکەری بتنێ قایل نابت لەوما ئەوی دڤێت کو دادگەهـ ژک لبن دەستێ وی بت. دادگەهـ دەزگەهەکا گەلەک گرنگە ل هەر وەلاتەکی و دڤێت کو هەمی دەما ئەو دەزگەهـ ئازاد بت، چونکی ئەڤ دەزگەهە ستوونەکا سەرەکییە د هەر سیستەمەکا دیموکراتی دا. بەلێ دادگەها ئیراقی نە شیایە کو خوە ژ دەستهەلاتا مالکی قورتال بکت. ئەو بوو کو سەرۆکێ جڤاتا دادوەریێ، مەدحت ئەلمەحمود، هاتە دوورخستن ژ پۆستێ وی ژ لایێ جڤاتا لێ پرسین و دادپەروەریێ ڤە، ژبەر کو دەستێ وی د ناڤ گەلەک وان پرسا دا هەبی یێن کو ل دەمێ رژێما بەعس قەومی بین. لێ مالکی ئەڤ کەسە جارەکا دی زڤراند سەر کارێ وی، ژبەر کو ئەو گەلەک نێزیکی وی یە و بڕیارێن د بەرژەوەندیا وی دا دەردخت. ئەڤ چەندە ترسەکا مەزنە لسەر سیستەما دیموکراسیێ و لسەر پرۆسێسا سیاسی، بتایبەتی ل وەلاتەکێ وەکو ئیراقێ کو گەلەک تێر گەلشە. ب ڤێ چەندێ ئێدی باوەری ب دەزگەها دادوەریێ نامینت و ئەو نەشێت کو ب دروستی ب ئەرکێ خوە رابت، یانکو دەزگەهەکا گەلەک گرنگ د سیستەما سیاسی دا رۆلێ خوە ژ دەست ددت و نەشێت ڤالاهییا خۆ داگرت. ئەڤ چەندە وە دکت کو دەزگەهەکا بجهـ ئینانێ هەر بڕیارەکێ یان هەر کارەکی بکت بێ کو رێ لێ بێتە گرتن ژ لایێ قانوونێ ڤە، چونکی جڤاتا وەزیران هەتا رۆژا ئەڤرۆ چ پەیڕەوێ ناڤخۆیی نینە لەوا ژ دەستدانا رۆلێ دادوەریێ ل ئیراقێ بەس د بەرژەوەندیا سەرۆک وەزیری دا یە. ئەڤ چەندە رێ لبەر مالکی خوەش دکت کو هەر بڕیارەکێ دەربێخت یان هەر کارەکی بکت، بێ کو ترسا دیڤچوونا قانوونی هەبت.

هندی دچت سەرۆک وەزیر خۆرتر دبت لسەر کارێن خوە یێن ترسناک، ژ بەری چەندەکێ، هێزەکا لەشکەری ئێریش کرە سەر کاروانێ ترمبێلێن رافع ئەلعیساوی ژبۆ کوشتنا وی یان گرتنا وی. ئەڤ چەندە بێکومان ڤەدگەرت ژبۆ هندێ کو ئەلعیساوی دناڤ خۆنیشاندەران دا دەست ژ کارێ خوە، وەکو وەزێرێ داراییێ، کێشا. دیارە ئەڤ کارە نە ب دلێ مالکی بوو، چنکی ئەوی دخواست کو ئەلعیساوی بگرت. بەلێ تشتێ ژ هەمیێ سەیرتر ئەوە کو سەرۆک وەزیر دەست کێشانا ئەلعیساوی قەبوول نەکر و پێچەکەك بۆ وی ڤەکرییە. وەکو دیار مالکی دەست ب سیناریوویا ڤەکرنا پێچەکا کرییە. هەر کەسێ کو گۆت مالکی خرابە یان سیاسەتەکا شاش دگێڕت، نڤیسینگەها وی مەلەفەکێ بۆ ڤەدکت. ئەوا جهێ پسیارێ یە، گەلو ما نە ئەلعیساوی سێ سالا وەزیرێ داراییێ بی لگەل ئەلمالکی ؟ ئو هەر گاڤەکا سەرۆک وەزیری ڤیابا دشیا کو وی بدتە دادگەهێ. لێ بۆچی ئەڤ پێچەك نهۆ هات بەحس کرن، پشتی کو ئەلعیساوی دەست ژ کارێ خوە کێشایە ؟ ئانکو ئەڤ چەندە مەبەستێن سیاسی ل پشت هەنە و ژبۆ بێ دەنگ کرنا ئەلعیساویە لسەر سیاسەتا سەرۆک وەزیری.

خۆنیشاندان د هەر سیستەمەکا دیموکراسی دا مافەکێ ئاسیێ هەر هەڤوەلاتیەکێ یە. هەر کەس دزانت کو ئەڤ چەند هەیڤە کو عەرەبێن سونە دەست ب خۆنیشاندانا دژی سیاسەتا مالکی کرینە. بەلێ کارەکێ ب ڤی رەنگی نە ب دلێ سەرۆک وەزیریە، لۆما ئەڤە چەند هەڤوەلاتی هاتنە کوشتن ب دەستێن پۆلیسێن ئیتیحادیێ. د هەمان دەمی دا ئاستەنگ د رییا خۆنیشاندەرا دا تێنە دەینان ژ لایێ پولیسێن ئیتحادیێ ڤە، ژبۆ هندی کو ئەو دەست ژ خۆنیشاندانێن خوە بەردن. خالا سنورییا (وەلید) ژک ئەوا کو د کەڤت دەڤەرێن عەرەبێن سوننە لگەل سنۆرێت سووریاییێ بۆ دەمەکێ باش هاتە گرتن ژ لایێ مالکی ڤە، داکو رەوشا ژیارا خۆنیشاندەران پتر بەرتەنگ ببت و ئەو نەچار ببن کو دەست ژ داخوازێن خوە بەردن. حکومەتا مالکی بەهرا دەڤەرێن سوننییان ژ سووتەمەنیێ کێم کریە، ئەڤە وەکو سزایەکێ سیاسیە دژی وان. ئەڤ هەمی ژبۆ هندێ یە کو عەرەبێن سونە بەرامبەری سیاسەتا مالکی بێ دەنگ ببن.


وەکو دیار مالکی بڕیارا خۆ یا دوماهیکێ دایە کو هندی ژ دەستێ وی بهێت ئەو دێ رەوشێ پتر خرابکت و قەتلازیێن مەزنتر پەیداکت. بەلێ ترسا ژ هەمیێ مەزنتر ئەوە کو مالکی دەستۆرێ ئیراقێ پاش گوهێت خوە ڤە ئاڤێتیە و هندی دچت ئەو کارێن دژی دەستۆری و دژی دیموکراتیەتێ دکت.

لۆما ئەڤ کریارێن کو وی هەتا رۆژا ئەڤرۆ کرین، دڤیا کو زەنگەکا ترسێ بت بۆ هەر ئالیەکی، چونکی ئەڤ چەندە دەستپێکا ئاڤا کرنا دیکتاتوریەتێ یە ل وەلاتێ مە. وەکو ل دەستپێکا ئەڤێ گۆتارێ ژک هاتیە، هەر دیکتاتۆرەک ب ئاوایەکی و ب تشتێن بچیک دەستپێدکت، بەلی مالکی ل وان تخووبا دەرباز بوویە و گەهشتیە قوناغەکێ کو ئێدی دەرەنگە بۆ راست کرنێ. ژبەر هندێ ئێدی دەم هاتیە کو هەمی پارت و ئالیێن سیاسی خەباتێ بکن دا کو رێگربن د رێیا هاتنا دیکتاتۆرەکێ نوو دا ل ئەڤی وەلاتی.

*** ماستەر ب زانستێن سیاسی**

**هەر ژ دەستپێکا دوبارە هاتنا مالکی، وی پلانێن مەزن هەبینە، ژ وانا، کرینا لایەنگەرا بۆ خۆ. نڤیسنگەها سەرۆک وەزیری ل سالا ٢٠١١ ێ شەش ملیار دۆلار خەرج کرینە، بێ کو ئەو پارە بێنە ئاشکەرا کرن کا کیڤە چوونە**

**وەکو دیار مالکی ب ڤی ئاوایی جارەکا دی دێ سنترالیزمێ ل ئەڤی وەلاتی بهێز ئێخت. بەلێ ئەوی ئەو چەند هەمی ژ بیر کریە کو خەلکێ ئیراقێ ل بەر سها پەرگالا سەنترالیزمێ گەلەک مال وێرانی دیتیە**



پاتریک جامیس بۆ گوڵان:

# بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە سوریا ئەمریکا ناتوانێت سەرکردایەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بکات

پرۆفیسۆر پاتریك جامیس ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتیە لە زانکۆی کالیفۆرنیا و تایبەتمەندە لەسەر بەراوردکای سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەروەها تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی سوریا، چەند پرسێکمان لەگەڵ پرۆفیسۆر جەمیس تاوتوێکرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

*** بارودۆخی سوریا خەریکە دەبێتە گەورەترین کارەساتی مرۆیی لە سەدەی بیست و یەکدا، ئایا سوریا بەرەو کوێ دەچێت؟**

- پێموایە ئەوەی ئێوە دەیڵێن، بە تەواوەتی راستە، لە پەیوەندیدا بە وەسفکردنی بارودۆخەکەوە بەوەی لە پشێویەکی گەورەدایە. کێشە سەرەکیەکە ئەوەیە- هەروەك ئەوەی سەد ساڵ پێش ئێستا نووسراوە، زیاد لە پێویست بەرفراوانبوونی ئیمپراتۆریەتە، رۆژنامە بەریتانیەکان پڕبوون لە لێدوان دەربارەی ئەوەی چۆن دەبێت بەریتانیا کۆنترۆڵی ئیلتیزاماتەکانی خۆی بکات. بۆچی بەمە دەستم پێکرد؟ لەبەر ئەوە پێموایە هەموولایەك تێڕوانینێکی میسالیان هەیە دەربارەی ئەوەی پێشبینی دەکەن نەتەوە یەکگرتووەکان جڵەوی هەموو شتێك بگرێتە دەست. ئێمە دەزانین، هەموو شتێك لە پەیوەندیدا بە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی مرۆییەوە، لە واشنتۆنەوە دەستپێدەکات و هەر لەوێشدا کۆتایی دێت. بەراوردکردن لە نێوان بەریتانیای سەدەی نۆزدەهەم تاوەکو جەنگی جیهانی یەکەم، لەگەڵ ئەمریکای ئێستادایە، ئەوەیە ئەمریکا بارگرانیەکی زۆری لەسەرە، لە ناوەوە لە خەرجی زۆر و لە دەرەوە بەهۆی ئەفغانستان و عێراقەوە، لەم روانگەیەوە پێموایە هیچ شتێك لە ئەمریکا بەدی ناکەین. خاڵێکی دیکە ئەوەیە تەحەددیەکان کاریگەریان لەسەریەك هەیە، بۆ نموونە حاڵی حازر ئەمریکا زۆر سەرقاڵە بە کۆریای باکوورەوە. هۆکاری ئەوەی باسی هەموو ئەو شتانەم کرد، ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا سەرکردایەتی نەگرێتە دەست، ئەوا ئەگەری ئەوە لە ئارادانییە هەڵمەتێکی بۆردومانکردنی چەشنی ئەوەی لیبیا ببینین، کە لەوێدا چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن لەڕووی لۆجیستیەوە پشتیوانی دەکران، بەهۆی بۆردومانەکانی ناتۆوە هەروەها هەندێ هێزی ئەوروپی، زەمینەیەکی ئەوتۆیان بۆ رەخسا کە جێی سەرسوڕمان بوو. بەڵام پێموانییە سوریا بەو شێوەیە نزیك بێت، راستە بارودۆخەکە لە تەقینەوەدایە، و ئەوەی جێی داخە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان ناکات، لەبەر ئەوەی ئەمریکا ئامادەنییە سەرکردایەتی بگرێتەدەست، و هەلومەرجیش هاوشێوەی بارودۆخی لیبیا نییە.

*** لە کاتێکدا ئەسەد ئەم تاوانە خوێناوییە لە وڵاتەکەیدا ئەنجام دەدات، لە سەروبەندی ئەوەشدایە لەسەر ئاستی ناوچەیی مانۆڕ بکات لەگەڵ تورکیا و ئیسرائیلدا، بە بۆچوونی ئێوە ئایا تا چ رادەیەك دەتوانێت ئەم دەرگایە بکاتەوە؟**

- پێموایە بەردەوام دەبن لەم هەوڵەدا، ئەوان زۆر بایەخ بەوە دەدەن کە وێنەیەك بخەنەڕوو سوریا وا دەرکەوێت، ئەو دیکتاتۆرە دڵڕەقەی ئێستا نییە، پێموایە ئەم هەوڵانە شکست دەهێنن، هۆکارەکەشی ئەوەیە، ئیسرائیل و تورکیا ساویلکە نین، و دەزانن سوریا دۆستی ئەوان نییە و رژێمەکە بۆ ماوەیەکی زۆرە توندوتیژی دڵڕەقانە ئەنجام دەدات. لەوەش زیاتر، هەرچەندە خوێنڕێژی هەیە لەسەر سنورەکانیان- هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد- ئەوا هێشتا ئەم دوو وڵاتە گرنگی بەوە نادەن کە دەستێوەردانێکی دۆستانەی زیاتر بکەن، لەبەر ئەوەی سومعەی سوریا زۆر خراپە. هەروەها تورکیا و بە تایبەتی ئیسرائیل، لە زۆر رووەوە گۆشەگیرن، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر باشترین دۆستی یەکتر بوون. لەبەر ئەوە پێموایە هەوڵەکانی سوریا بۆ شەرعیەتدان بە خۆی و بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە تورکیا و ئیسرائیل ئەگەری شکستهێنانیان لێدەکرێت.

*** زۆرێك لە شارەزایان و چاودێران باسی چارەسەری ئاشتیانە و دیپلۆماسیانە دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی سوریا ئەم چارەسەریان ناوێت، ئەگەر ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، کاتێك ئەم مشتومڕە لە ئارادابێت چۆن ئەو چارەسەرە دێتەدی، لە کاتێکدا خەڵکی سوریا ئەم رژێمەیان ناوێت؟**

- پێموایە تاکە رێگایەك بۆ روودانی ئەوە بریتییە لەوەی هێزە گەورەکان جۆرێك لە چارەسەر بسەپێنن، بەڵام هیچ لایەك ئامادەنییە سەرچاوەی بۆ دابین بکات، ئەمە دۆخێك نییە ژمارەیەکی کەمی هێزە ئاشتی پارێزەکان بتوانن کاریگەریان هەبێت تێیدا. ئەوە بە تەواوەتی راستە کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد، کە خەڵکی پابەندن بە هێنانەدی گۆڕانکاریەوە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە توندوتیژی زیاتر دەبینین، و بارودۆخەکەش زیاتر هاوشێوەی بارودۆخی میسر، تونس، یان لیبیایە، کە رژێمەکە رووخا و چیتر خەڵکی ئەو وڵاتە رژێمەکەیان نەدەویست، پێشبینی دەکرێت هەوڵێکی زۆر بدرێت، لەبەر ئەوەی نوخبەی دەسەڵات ئیمتیازێکی زۆری لەبەردەستدایە، کە وای لێدەکات دەست بە دەسەڵاتەوە بگرێت، ئەمەش بە مانای ئەگەری توندوتیژی زیاتر، و ئەوەش بیرۆکەیەکی تەواو ناواقیعیە کە بڵێین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شتێکی دەوێت و سوریاش بە ئاسانی قبوڵی دەکات.

*** ئایا نیگەران نین لە بوونی ئەل قاعیدە لە سوریادا، لەبەر ئەوەی سەرکردەکانی ئەل قاعیدە بانگەشەی ئەوە دەکەن جبهە النصرە بەشێکە لەوان، کەواتە تا چ رادەیەك ئەل قاعیدە بارودۆخەکە ئیستیغلال دەکات؟**

- هەوڵی هاوشێوە دەدەن، پێموایە، بە دڵنیاییەوە نەك هەر ئەل قاعیدە، هەر گرووپێکی توندڕەوی دیکە، کە لە ساحەکەدایە، بوونی دەوڵەتێکی ناسەقامگیر، یان شکستخوارد، یان لە سەروبەندی شکستدا بێت، بە زەمینە و گۆڕەپانی خۆیانی دەزانن و بەو شێوەیە پشتیوان بۆخۆیان مسۆگەر دەکەن. لە راستیدا روون نییە، هەروەك ئەوەیە لە شوێنەکانی دیکەش روون نەبوو، کە ئایا ئایندەی دووری سوریا چۆن دەبێت، ئەمە شتێکی نەزانراوە، بەڵام ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە گرووپە سیاسیە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە، رەنگە هەندێکیان میانڕەو بن، رەنگە هەندێکیان ئیسلامی بن، بەڵام مەرج نییە تیرۆریست بن، بەڵکو تەنیا دەیانەوێت لە ئەسەد رزگاریان بێت، رەنگە ئەوانی دیکە هاسۆزبن، یاخود خۆیان ئەندام بن لە نێو ئەل قاعیدە، یاخود گرووپەکانی دیکە کە بەرژەوەندی هاوشێوەیان هەبێت. کەواتە بە داخەوە،

**ئیسرائیل و تورکیا ساویلکە نین، دەزانن سوریا دۆستی ئەوان نییە و رژێمەکە بۆ ماوەیەکی زۆرە توندوتیژی دڵڕەقانە ئەنجام دەدات**

**هەوڵەکانی سوریا بۆ شەرعیەتدان بە خۆی و بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە تورکیا و ئیسرائیل ئەگەری شکستهێنانیان لێدەکرێت**

# بۆچی ئەنجومەنی دانایان بۆ پرۆسەی ئاشتی پێویستە؟

نۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت



**گرووپی سیاسی جیاواز دەبینین دەسەڵات بەدەست دەهێنن لە سوریا، بەڵام زۆر زەحمەتە بڵێین کە بە زەرورەت گرووپێکی توندڕەو جڵەوەکە دەگرێتە دەست و ئومێدەکە ئەوەیە ئەمە روونەدات**

**ناسەقامگیری سوریا لە پەیوەندیدا بە کوردەکانەوە، رەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر تورکیا و شوێنە نزیکەکانی دیکە، کە ژمارەیەکی گەورەی کوردی هەیە و تەواو نارازین**

بەڵێ گرووپی سیاسی جیاواز دەبینین دەسەڵات بەدەست دەهێنن لە سوریا، و بە دڵنیاییەوە رەنگە توندڕەوەکانیش هەوڵی ئیستیغلالکردنی بدەن. ئەگەر بتوانن سەرکەوتووبن لە رووخانی رژێمەکەدا، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە چ لایەنێك دەسەڵات دەگرێتەدەست، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو گرووپانە نابن کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، واتە ئەسەد و شوێنکەوتوانیان نابن، بەڵکو لەبری ئەوە، رەنگە باشترین شتێك بێتەئاراوە بریتی بێت لە پێکهاتنی هاوپەیمانێتیەك کە ئاراستەیەکی ئیسلامی هەبێت، ئەویش لەسەر بنەمای دیموگرافی وڵاتەکە، ئەمە ئەو مەزەندەیە کە دەتوانرێت بکرێت، بەڵام زۆر زەحمەتە بڵێین کە بە زەرورەت گرووپێکی توندڕەو جڵەوەکە دەگرێتە دەست و ئومێدەکە ئەوەیە ئەمە روونەدات.

*** کوردەکانی سوریا کۆنترۆڵی شارەکانی خۆیان دەکەن و خۆیان حکومڕانی خۆیان دەکەن، تا چ راددەیەك کوردەکان دەتوانن بە مافەکانیان بگەن و کاریگەریان هەبێت لەسەر ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی سوریا؟**

- هێشتا ئەوە راستە کە کوردەکان گەورەترین گرووپی ئیتنین کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نەبن، پێموایە یەکێك لە نیگەرانیە گەورەکان لە ناوچەکەدا، کە ئەو هەموو گرژی و توڕەییە هەیە، کە ئاشکرایە هەمان توڕەیی لە شوێنەکانی دیکەش هەیە کە لە رووی مێژووییەوە کوردەکان پەراوێزخراون. بە دڵنیاییەوە نیگەرانی ناوچەکە ئەوەیە، لە کاتێکدا بایەخ بەوە دەدرێت هەوڵی سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە بدرێت و هەوڵی هێنانەدی سوریایەکی ئاشتی و بگرە دیموکراتیش بدرێت، ئەوا هێشتا کێشەی پەڕینەوەی شەڕەکە هەیە، واتە ناسەقامگیری سوریا لە پەیوەندیدا بە کوردەکانەوە، رەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر تورکیا و شوێنە نزیکەکانی دیکە، کە ژمارەیەکی گەورەی کوردی هەیە و تەواو نارازین، بە دڵنیاییەوە ئێمە پەکەکەمان لەبیرە و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەستێکی تێکەڵ هەیە، کە هاوسۆزی هەیە بۆ کورد، بەڵام هاوسۆزی نییە بۆ ئەو کردەوانەی هاوشێوەی کردەوەی تیرۆریزم. کەواتە سوریا، وەك شوێنە نزیکەکانی، عێراق نموونەیەکی باشە لەم رووەوە، هەرگیز وڵات نەبووە، بەڵکو لە رۆژگاری دوای کۆلۆنیاڵیەوە پێکەوە لکێنراو و گرووپی ئایینی و ئیتنی کۆکرانەوە کە پێکەوەبوونیان کارێکی باش نەبوو، لەبەر ئەوەی خوازیاری ئەوەبوون بە تەنیا بن. رەنگە هەندێ هەوڵی جوداخوازی ببینین- ئەگەرچی رەنگە ئەمە رووبدات، بەڵام من نازانم تا چ رادەیەك کارێکی کردەییە، بەڵام هێشتا زووە بۆ ئەوەی دڵنیابین هەموو ئەوانە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆن.

وڵاتی تورکیا لە دوو چینی حکومڕان خاڵی بوو،کە نوێنەرایەتیی دوو شـێوازی بەرهەمهێنان یاخود مۆدێلـی ئابوورییان دەکرد ئەوانیش چینی ئەرستۆکراتی و چینی بورجوازی بوون. دوای ڕووخانی تاکە خانەوادەی خانەدان (عوسمانییەکان، یان ماڵی عوسمان لە سـاڵی ١٩٢٤دا)، ئەم کەلێنە بە بیرۆکراسییەتێك پڕکرایەوە، کە نە چین بوو، و نـە پەیوەندییەکی ئۆرگانێکی هەبوو لەگەڵ مۆدێلی بەرهەمهێناندا.

بەڵام ئەو بیرۆکراسـییەتە پابەند نەبوو بە ڕێککەوتن لەگەڵ سـەرجەم توێژەکانـی کۆمەڵگـەدا، لە کاتێکـدا کە چینە کۆمەڵایەتییـەکان ناچار بوون بکەونـە ململانێ لەگەڵ هەر گرووپێکـی دیکەدا بـۆ بەڕێوەبردنـی وڵات. ئەمەش وای کرد تـا نەکەوێتە بـەردەم بەرپرسـیارێتی،هەروەها هێزێکی بێهاوتای پێبەخشـی بۆ ئەوەی هەر شـتێك کە ئەو پێی وایە «لەبەرژەوەندیـی» نەتەوەکەدایە بیسـەپێنێت. سـەرچاوەی سـەرەکیی بیرۆکراسی بریتی بوو لە دەوڵەت، ئەم دەسەڵاتە بۆ سەپاندنی ئیرادەی بەسەر کۆمەڵگەی نارێکخراودا بەکارهێنرا لە ڕێی پەروەردەکردن و پڕوپاگەندە و یاسا و سیاسەتەوە. بۆیە پێویستی بە سازشکردن و ئاشتەوایی نەبوو لەگەڵ گرووپێکی دەسـەڵات یان ڕێکخراوێکی مەدەنیدا. دەوڵەت کاری بۆ ئەوە کرد تا ئەم بونیادی هێزە مەدەنییە پارسەنگە دەرنەکەوێت.

ئەو کارە باشـەی لەلایەن بیرۆکراسـییەتەوە پێشکەشکرا، وەك سەرکەوتنی ڕژێمەکە خرایەڕوو. هەر شکستێکیش ڕووی دەدا ئۆباڵەکەی دەخرایە ئەسـتۆی نەزانی و دواکەوتویی خەڵك کە بەرهەڵستیی چاکسازیی مۆدێرنەیان دەکرد.

ئەم سیسـتمە، سیسـتمێکی خۆسـەپێن بوو، لەبـەر ئەوەی بونیادێکی هیرارکی هەبوو کە دەوڵەت/بیرۆکراسیەت بەسەریدا زاڵبوو. حکومڕانەکان پارێزراو بوون، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی بەرپرسـیارێتی نەدەکرانەوە. ئەمە شتێکی ئاسایی بوو، لەبەر ئـەوەی بۆرجوازییەت لاواز بوو، هەروەها پشـتی بە دەوڵەت دەبەسـت. چینی کرێکار- کە دەستی بە گەشەکردن کردبوو- چینێکی بچووك بوو و نەیتوانی داڕێژەری سیاسـەتەکان بێت بەهۆی گەشەکردنی سستی و سـنووردارییی پیشەسازییەوە. کاتێکیـش بەرەوپێش دەچوو، دەسـەڵاتەکەی بە شـێوەیەکی سیستماتیکی سـنوردارکرا و دەسەڵات کاری بۆ ئەوە کرد تا هەرگیز نەبێتە یاریزانێکی سیاسیی بەهێز.

دیموکراسـییەت تەنیا لە ئەنجامی هاوسەنگیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە لە دایك نابێت. بەڵکو دەرئەنجامی گفتوگۆیەکی بێ پسـانەوە لـە نێـوان چینـە کۆمەڵایەتـی و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانـدا کە پێویسـتە بگەنە ڕێککەوتن لەسـەر هەل و مەرجەکانی پێکەوەژیان. ئـەو بنەمایانەی کۆدەنگیان لەسـەر بنیات دەنرێت دەبێتە یاسا. لەم ڕووەوە تورکیا هەرگیز دیموکراسییەکی پێگەیشتوو نەبووە. بەم دواییە یاساکان لەلایەن دەوڵەت/ بیرۆکراسییەتەوە بەسەر کۆمەڵگەدا سەپێنران.

گرووپـە کۆمەڵایەتییـەکان مـاف و ئازادییەکانـی خۆیان وەك ئیمتیازێـك لە دەوڵەتەوە وەرگرتـووە، ئەمەش بووەهۆی لاوازکردنی خەباتی یەکگرتوویان لە پێناو فەراهەم کردنی ماف و ئازادییەکانی سـەرجەم هاوڵاتیان. سەروەریی یاساش نەبووە نۆرمێکی چەسپیو.

ئەگەر پێچەوانـەی ئەمە ڕوویبدایە، ئـەوا پەیوەندیی نێوان دەوڵـەت و کۆمەڵگـە پەیوەندییەکـی هیرارکـی نەدەبوو و دەوڵەتیش لەهەمبـەر داواکارییەکانی جەماوەر ملکەچ دەبوو، واتە سەروەریی یاسـا، نەك هێزی یاسا سیستمە یاساییەکەی دادەڕشت.

هاووڵاتیبوونی ئاسایی پێوەری بەدەستهێنانی مافەکان نەبوو، بەڵکو هاووڵاتی پەسندکراو پێوەر بوو، ئەمەش وای کرد درزێك لـە نێوان هاووڵاتیە خاوەن ئیمتیـازەکان و «دوورخراوەکان»دا دروست بێت. بەردەوام بوونی پشێوی بووە پاساوێك بۆ درێژەدان بە حکومەتی خۆسەپێن و گرتنەبەری سیاسەتگەلێکی ئەمنی کە ماف و ئازادیە بنەڕەتییەکانی بەرتەسك کردەوە.

نەتوانرا ئاشتی و ئاسایش لە خوارەوەڕا و لە ڕێی کۆدەنگی لایەنە کۆمەڵایەتەیەکان لەگەڵ کەلتوور و بەرژەوەندییە جیاوازەکانەوە بپارێزرێت. بەڵکو لەسەرەوەڕاو لە ڕێی هێزەوە پارێزگاری لێکرا. هەرچۆنێك بوو، دەرئەنجامەکە نە دەرئەنجامێکی سەرکەوتوو و نە گونجاو بوو بۆ دیموکراسی.

ئەم پاشـخانە کاتێ ڕوون بۆوە کە حکومەتی ئێسـتا ویستی بگاتە ڕێککەوتنێك لەگەڵ باڵـی ڕادیکاڵیی کورد (پەکەکە و باڵە سیاسـییەکەی بەدەپە)، کە نائومێدی و دوورەپەرێزییان گۆڕی بۆ توندوتیژی. لەبەر ئەوەی ئەو تێڕوانینە چەسـپێنرا کـە وڵاتەکە لە ژێر هەڕەشـەی ئەو هێزانـەدان (کە هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو خاکانە دەدەن کە بانگەشـەی خاوەندارێتییان دەکـەن) و ئەو کەسـانەی شـەڕیان دژی یەکێتیی نەتەوەکە بەرپاکرد، کە تیرۆریست بوون و لەلایەن دوژمنەکانی تورکیاوە هاندراون، ئەوا ئێستا خەڵکی بەرهەڵستیی ڕێککەوتنی ئاشتی دەکەن لەگەڵ «دوژمن»ە بە شەیتانکراوەکەدا.

لە ڕاسـتیدا، ئەو دەوڵەت و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان بـوون کە ئـەم وێنـە ڕەش و تاریکەیان کێشـاوە لە ڕێی بە دوژمن کردنی بەشـێك لە هاووڵاتیان. کەواتە ئەگەر بمانەوێت ئاشـتییەکی درێژخایـەن بێتەدی پێویسـتە ئـەم ماکینەی پرۆپاگەندەیە بوەستێنرێت.


تەنیا ئاشـتییەکی گونجاو بریتییە لەو ئاشـتییەی لە نێوان ئـەو هاووڵاتییانەدا دێتەدی، کە بۆ چەندیـن دەیە بە ناوی «ئاسایشـی نەتەوەیـی»ەوە درز خراوەتە نێوانیانـەوە. ئەوە بەهۆی درککردن بەم ڕاستییەوە بوو کە لیژنەکانی «دانایان» بانگکراون بۆ ئەوەی ڕۆڵ ببینن. ئەوان خۆبەخشـانە چوونە ناو خەڵکەکەوە هەوڵی چارەسـەرکردنی ئەو ڕقە دەسـتکردە( فەرمییە) دەدەن و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتەوایی دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەرکەکەیان زیاتر ڕوون دەبێتەوە، کاتێك هەست دەکەن ئەوان هەست و چاوەڕوانی و نیگەرانیی و هیوای خەڵك بۆ حکومەت دەگوازنەوە،کە بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ئاشتییان دەکەوێتە ئەستۆ. لێگەڕێن با ببینین کاری ئەم گرووپ و پرۆسەیە چۆن بەرەوپێش دەچێت؟

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**ئەم سیستەمە، سیستمێکی خۆسەپێن بوو، لەبەر ئەوەی بونیادێکی هیرارکی هەبوو کە دەوڵەت/بیرۆکراسیەت بەسەریدا زاڵبوو. حکومڕانەکان پارێزراو بوون، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی نەدەکرانەوە**

**دیموکراسییەت تەنیا لە ئەنجامی هاوسەنگیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە لە دایک نابێت. بەڵکو دەرئەنجامی گفتوگۆیەکی بێ پسانەوە لە نێوان چینە کۆمەڵایەتی و گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا کە پێویستە بگەنە ڕێککەوتن لەسەر هەل و مەرجەکانی پێکەوەژیان**

# چەمکی جیاوازبوون لای دۆڵۆز



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

جارێکیان جیل دۆڵۆز لە پاش ئەوەی سەرسامێتیی خۆی بە لێکچەرێکی توینبی زانا دەربڕی ڕایگەیاندبوو((گەڕیدەکان تەمەن درێژن، گەڕیدەن چونکە ڕەتی ئەوە دەکەنەوە بەرەو زیاترین دوورایی بڕۆن )) کەواتە ئەوانە گەشت و دەرچوونیان بۆ جێنشینییەکی دانەبڕاوە، گەر بەم پێیە بێت، پێوەندیی بیرمەندانی فەرەنسایی گرێبەند دەبێتەوە بە مێژووی فەلسەفەوە، پێوەندیگەلێکی ناپایانگەرو کۆتایی نەهاتوویان هەیە بۆ چەمکی دەرچوون، دەرچوونێك کە بەم مێژووەیان دەبەستێتەوە، واتە دەرچوون لە لۆژیکی مێژوویی فەلسەفەو بەرەواژی کردنەوەی بونیاتەکەی ئەو مێژووە، بەرەواژی کردنەوەی بونیاتە ئەفلاتۆنییەکەی، بەڵام بونیاتە دیالێکتیکییە مارکسییەتەکەی یان بونیاتە شرۆڤەکارو چەسپاوەکەی کۆتاییان پێ نایەت..

ئەفلاتۆنییەت لێرەدا ڕێبازگەیەکی فەلسەفی نییە، بەقەد ئەوەی بۆ خۆی بونیادێکی میتافیزیکییە، ئەو بونیاتەیە کە کار ناکات، وەك چۆن ڕاهاتووین لەسەر ئەوەی جیاکاریی بکەین لە نێوان ماقووڵیەت و هەستپێکراودا، یان لە نێوان مۆدێل و کۆپیکراوەکەیدا، کە دواتر لە بەرەواژیبووندا ئەوچەمکانە بەوە تێر نابن شکۆ بۆ دیکۆر لە دژی ماهییەت بگێڕدرێتەوە، مەبەست لە بەرەواژیکردن لێرەدا تانەدانە لە خودی دنیای (تشابهات)یەکبوونەکان، تانەدانە لە لۆژیکی وەکیەکی کە لە ناواخنەکەیدا جیاکاری دەکرێت لە نێوان دیکۆرو ماهییەت و هەڵبژاردنی باشترینیاندا..

بەرەواژی هەڵوەستگرتنە لە ئاست هەمان کۆپیکراوێکدا، بەڵام ئەمجارە بۆ بەرز ڕاگرتنی بەسەر کۆپییە ساختەکاندا..

گەر بە پێی ئەم بەرەواژییە بێت، هەبووەکان وەك سیموکلاراتی لەیەکترجیاواز دێنە پێش چاومان، کە هیچ پێوەندییەکی ناوکۆیی بە یەکترییانەوە نابەستێتەوە، تەنانەت لە نموونەی جیاوازەکانی خۆشیان ناچن، کەواتە پێویست ناکات بە شوێن فانتازمیز بگەڕێین کە لە حەقیقەت ڕاستگۆترەو بەڵگەیەکی پەتیی شپرزەیە لێی، پێویست ناکات بە یەکترییان ببەستینەوە، لەسەر شێوەی کیشوەرو پێکهاتنی پارچەی خۆڕاگرتوو بۆ کۆکردنەوە.

بەو پێیەی هێزی دینامیکی بۆ بوون، هیچ پاساوێکی پێ نییە تا ئەو هەبووانە بگێڕێتەوە کە لە خودی خۆی بە بەهاترن، هەبووەکان پێکهاتنی خەسڵەتە ئۆرگانییە تاکییەکانن، نەك دەرچواندنی ئەو وێنانەی تاکگەرایی حوکمیان دەکات، ئەوانە بارو چەشنی یەکانەتاکی ملکەچبوونن بۆ کردەی ڕێکەوت، پلەبەندی ئاڕاستەکراون بۆ کێشمەکێشی هێز، مادام هێز هیچ نییە لە ناوێکی دیکە بۆ بوون زیاتر، بەو شێوەیە هەبووەکان چەشنەها گوزارشتن لەبۆ گوزارشت کردن لە ئۆرگانی یەکانەی تاکگەر، بەم شێوەیە سیموکلارات مافی خۆیان وەدەستدێننەوە وەك شایەتحاڵێکی زیندووی گەشبین لەسەر هێزی تاکگەرای یەکانە بوونیان، ئیترئەوانە چەند حاڵەتێکن دەلالەت لە ئۆرگانە یەکانەکەی خۆیان دەکەن لەو ڕووەوە کە هەمەجۆرێتی یەکانەن.

لە ناوهەناوی ئەفلاتۆنییەتەوە یەکبوون بەسەر جیاوازیبووندا ناودەهێنرێت، زاتییەت بەسەر سەرپێچیکاردا زاڵ دەکرێت، جیاوازییەکەش لەوێدایە کە بەو شێوەیە لە هاوچوونیەك بڕوانین

وەك مەزەنەو گریمانەیەکی یەکییەتی ئۆرگانیی، هەروەها بەو جۆرە کە وا زەن بکەین کە جیاوازییبوون وئۆرگانی یەکانە جیاوازییان لێوە دەخوڵقێت،ئەم جیاوازیبوونە دینامیکییەتی ڕاستەقینەی هەبوونی ناسنامەیەکن، دینامیکییەتی دووپات کردنەوەن کە باشترن لە دینامیکییەتی دیالەکتیکی، بە شێوەیەك جیاوازیبوونی هیگڵی کاتێك فڕێدەدرێتە ناو بزاوتی دیالەکتیکەوە دەبێتە ساتەوەختێکی پەتییانە لە ساتەوەختەکانی ناسنامەدا، ڕاستە دیالەکتیك ڕێگە بە جیاوازیبوون دەدات کاربکات، بەڵام بەو مەرجەی ملکەچ بێت بۆ یاسای سلب، ئەو ڕێگایەی دژوازیی هیگڵی دەیگرێتە بەر، ئەو ڕێگەیەیە کە بەرەو بەرامبەرکێ (تگابق) دەیگێڕێتەوە، بەرامبەرکێ بەسە بۆ دۆزینەوەی (تناقچ)دژوازی و لێتێگەیشتنی، بە مەرجێك ئەم دژوازییە ناتێگەیشتووە تەنیا لە ئاسۆگەلی ناسنامە نەبێت کە دیالەکتیك لە هەوڵدایە بۆ چاککردنەوەو پاراستنی..

دیالەکتیك وا لە جیاوازی دەکات بکەوێتە ناو کۆسووڕی ڕێساگەلی بەرپەرچدانەوەو سلب و دژوازییەوە، بۆ ئەوەی جیاوازییەك هەبێت ئەوە پابەندایەتییەك هەیە بۆ دیاریکردنی بەرامبەرکێی (تگابق) ناپەنهان، کاتێ ئاست و سنوورو کۆتایی لە نابووندا بدۆزێتەوە، سلب پابەند دەکرێت بەپۆزەتیڤی بوونیەوە، لێرەوە جیاوازی لە نێوبژیکارەکانەوە دروست دەبێت، دووپات بوونەوە هێمایەك دەبێت بۆ شکستی ناسنامەو بێتوانایی لەوەی زاتی خۆی ڕەت بکاتەوە تا لەوی تردا ئەو زاتە بدۆزێتەوە..

بەو شێوەیە دیالەکتیك ڕای پێچەوانە ئازاد ناکات، بەڵکو ئەوەی بۆ زامن دەکات کە ڕەدوبکەوێت و ملکەچ بکرێت و درکی پێبکرێت، وەك ئەوەی دژوازیی لە نهێنیدا کار بکات بۆ پاراستنی بەرامبەرکێی موتەتابق و چاککردنەوەی، بۆیە ئەگەر ویستمان جیاوازیبوون لە چنگی سلب دەرکێشینەوە دەرەوە، پێویستە چەمکێك بە بێ دژوازیی و بێ دیالەکتیك پێکبهێنین، چەمکێك بە هەمەجۆرێتی بڵێ: بەڵێ، چەمکێکی ئەرێنی ئیجابی کە ئامڕاز بەکار بهێنێت، چەمکێکی هەمەگەڕیدەیی..

واتە هەڵگەڕانەوەی هیگڵیەت و ئەم حاڵەتە ئازادبوونی سلبە لە هەژموونی هەمووانی و ڕانەگرتنی کارەکەی بە هۆی هیچ پێکهاتەیەك یان زیندانی نەکردنی لە ناو لۆژیکی بەرپەرچدانەوە، کەواتە ئێمە لەبەردەم ئۆرگانێکداین کە لە چرکەساتی (ترکیب)پێکەوەنان ناترسێت، یان جیاوازیبوونێك ناشکێنێتەوە بۆ سەر دژوازیی، یان ناسنامەیەك ناخرێتە سەر بەرامبەرکێ، بەم حاڵەوە چ واتایەك بۆ ناسنامە دەمێنێتەوە گەر ئەمە وا بێت، دۆلۆز بەو شێوەیە وەڵام دەداتەوە(( ناسنامەو لەیەکچوون وەهمگەلێکن کە گەڕانەوەی ئەبەدی دەیانخوڵقێنێت)): گەڕانەوەی ئەبەدی گەڕانەوەی هەمان ڕووداوەکان نییە، ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکانیش نییە، بە پێچەوانەی ئەمانەوەیە، سەیروسەمەرەیی و جیاوازیبوون، چەسپاوێتی گەڕانەوە دەسەلمێنن لەم بارەدا زات زاتیەتی خۆی ناسەلمێنێت تەنیا لەسەر ڕێی گەڕانەوە نەبێت کە هەر دەشگەڕێتەوە، کاتێك نیچە باسی لە گەڕانەوەی ئەبەدی دەکرد شتێکی دیکەی لا مەبەست نەبوو: ئەوەی دووبارە دەبێتەوە بریتی نییە لەو یەکبوونانەی کە کۆپییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەڵکو بریتییە لە پەرشوبڵاوبوونەوەی سیمولاکرات، ئەو پەرشوبڵاوبوونەوەیە کە جیاوازبوونی تێیدا تا ناکۆتایی وەبەردێت..

دووبارەکردنەوە لێرەدا ڕاڤەکردنەکەی خۆی لە بەردەوامێتی هەمیشەیی نادۆزێتەوە، یان لە گەڕانەوە بۆ ئەو شتانەی ڕوویانداوە، بەڵکو لە گێڕانەوەی جیاوازبوونەکاندا

دۆلۆز بەردەوامێتی لە گەڕانەوەو هاتنەوە جودا دەکاتەوە جیاوازییەکانی ڕەگەزەکانی بەردەوامبوونی باڵا لەگەڵ شەپۆلەکانیدا هەڵناگرێت، ئەو گەڕانەوەیەش نییە کە هانا بۆ دووبارە بوونەوە دەبات وەك خولی ناو بازنەیەك بۆ گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا، بوون بۆ خۆی گەڕانەوەیە، خۆقوتارکردنە لە نەویبوونی بازنەکە بۆ ئەوەی گەڕانەوەیەکی ئەبەدییانە بێت، چونکە گەڕانەوە لەسەر هێڵێکی ڕاست دەکرێت، بەڵام گەڕانەوەیە بۆ جیاوازبوون، ئەوەشی کە ناگەڕێتەوە بریتییە لە هاوشێوەو هاوچوون و هاوبەرانبەرکێ،ئەی ئاخۆ کارەکە پێوەندیدارە بە ئامادەگی نەمرێتییەوە، بەڵێ بەو مەرجەی لە هەنووکە تێبگەین بە بێ پڕکردنەوەی، لە نەمرێتی تێبگەین بە بێ هەبوونی ئۆرگانێك، ئەوە نەمرێتی هەمەچەشنەیە بۆ هەنووکەیەکی خزاو، ئەگەر بەردەوامێتی بریتی بێت لە کرۆنۆس، کرۆنۆس ئەو شتانە قووت دەدات کە خوڵقاندوونی تا سەر لە نوێ بۆ جارێکیتر تازەتر بیانژێنێتەوە، لێرەدا ئایۆن ئەو زەمانەیە کە هەر لە نکاوڕا دەڕوات و لە نکاوڕا دەگەڕێتەوە(( لە بری هەنووکەیەك کە ڕابردوو لەگەڵ داهاتوو لە هەناودەنێت، ئایۆن بۆ خۆی داهاتوویەك و ڕابردوویەك دادەنێتەوە تا هەموو وەختێك لەگەڵ هەنووکەدا ڕووبەڕوو ببێتەوە))

ئێمە لەبەردەم ئەنتۆلۆژیایەکداین هەوڵ بۆ قوتار بوون و ڕزگاریی دەدات، ڕزگاربوون لەو ڕەگە قووڵانەی خۆی تا بتوانێت بیر لە هێزە ساختەکان بکاتەوە دوور لە هەر مۆدێلێك و بە گەمەیەکی ڕووپۆشکراو ئەمە ئەنجام دەدات، بەو شێوەیەش بە دوورمان دەخاتەوە لە فەلسەفەکانی نوێنەرایەتی و ڕەسەنایەتی و پێشەنگایەتی یەکەمین جاریی و هاوشێوەیی و گێڕانەوەو وەفا نواندن و ئەمانەت نواندن بەڵام هەروەها لە میتافیزیکاو گەوهەرەکانیش دوورمان دەخاتەوە، چونکە خەیاڵکراوەکان نابنە درێژکراوەی خەیاڵی بۆ نێوئەندامیەکان، بەڵکو بۆشاییەکی پێگەیی بۆ مەتریالی تەنەکان وەردەگرن، خەیاڵکراویی ئەوەیە کە نابەدەنی تەنێك دروست دەبێت لێی، فەلسەفە هەوڵی داوە ڕووداو دیاری بکات لەو پێگەیەوە کە هەموو بەهایەك تێیدا دووپات دەبێتەوە، هەروەها لە هەوڵدایە خەیاڵکراوەیی بپێوێت بە هۆی ئەو واقیعەی کە بە شوێن ژێدەرەکەیەوە وێڵە، کەواتە فەلسەفە لە هەوڵدایە بزانێت و حوکم بکات، لە هەوڵدایە ببێتە زانست و پێدراو، لە بەرانبەر فەلسەفەدا چەمکی تر هەیە کە ڕەهەندی ڕاستەقینە دەبەخشێتە هێزە ساختەکارەکان، وا لە ڕووداویش دەکات دیاریکراو نەبێت و بۆ ئەوەی دووپات ببێتەوە وەك تاکانەیەکی هەمەکی گشتگیر، ڕۆڵی فکر لێرەدا بەگەڕخستنی نواندنی شانۆیی خەیاڵکراوەییە،دووبارەکردنەوەی ڕووداوە لە تاکانەییدا، فکر ڕووداوی لێ دەکەوێتەوە، بە مانای دووبارەکردنەوەی خەیاڵکراوەییەکەیەتی.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕبات**

**گەڕانەوەی ئەبەدی، گەڕانەوەی هەمان ڕەوتی ڕووداوەکان نییە، ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکانیش نییە، بە پێچەوانەی ئەمانەوەیە، سەیروسەمەرەیی جیاوازبوون، چەسپاوێتی گەڕانەوە دەسەلمێنن، لەم بارەدا زات زاتیەتی خۆی ناسەلمێنێت تەنیا لەسەر ڕێی گەڕانەوە نەبێت کە هەر دەشگەڕێتەوە**

**فەلسەفە هەوڵی داوە لەو پێگەیەوە کە هەموو بەهایەک تێیدا دووپات دەبێتەوە، ڕووداو دیاری بکات، هەروەها لە هەوڵدایە خەیاڵکراوەیی بپێوێت بە هۆی ئەو واقیعەی کە بە شوێن ژێدەرەکەیەوە وێڵە، کەواتە فەلسەفە لە هەوڵدایە بزانێت و حوکم بکات، لە هەوڵدایە ببێتە زانست و ببێتە پێدراو**